ديمۆكراسی بۆ ئێران          خودموختاری بۆ كوردستان

# كوردستان

ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران


٣١ی پووشپەڕی ١٣٨١ | ٢٢ی ژوئیەی ٢٠٠٢ | ژماره ٣٤٥ | ١٥٠ تمەن

## هەڕەشەی سوپای پاسداران لـە خەڵـكی وەزاڵـە هاتووی ئێران

سوپای پاسدارانی كۆماری ئیسلامی لە بەیاننامەیەكدا كە هەواڵدەریی "ئیرنا" ڕۆژی شەمە ٢٩ی پووشپەڕ بـلاوی كـردەوە، قسـەكانی ئـەم وایی‌یانەی جۆرج بووشی بە هەڕەشە بۆ سەر ئێران ناو بردو كردی بە بیانوویەك بۆ هەڕشە لە خەڵكی وەزاڵە هاتوو لـە ستەمكاریو پـاوانخوازیی دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی. لەو بەیاننامەیەدا گوتراوە: "ئەمریكا هـەوڵ دەدا هێڵی پێوەندیی خـۆی لەگـەڵ ئـێران نزیـك بكاتـەوەو لـە دەوروبەری سنوورەكانی ئێران جێ‌پێی خۆی مەحكەم بكاو بە سەرنجدان بە حوزووری ئێران لە كەنداوی فارس، داگـیركردنی نـیزامیی ئەفغانسـتان، گەلاڵە دارشتنو خۆ ئامادە كردنبۆ داگیر كردنی عێراق، پەرەپێدانو بەرین كردنەوەی پەیمانی ناتۆ بۆ لای ڕۆژهەلاتو كاردروستایی بۆ پێكـهێنانی پێگەی نیزامی لە ولاتانی شیمالی ئێران، دەیەوێ كۆماری ئیسلامی بخاتە نێو ئالقەی گەمارۆی نیزامی". سوپای پاسداران لەو بەیاننامەیەدا پاش ئیشارە كردن بەجموجۆڵی ئەو كەسایەتیو لایەنانە كە دەنگی رەخنەو نارەزایەتی‌یان دژی دەسەلاتدارانی دژی گەلیو پاوانخواز هـەڵبڕیوە، ئـەوانی وەك پیادە نیزامی ئەمریكا لەكاتی هێرشی نیزامیی ئەو ولاتە بۆ سەر ئێران ناو بردووەو بە جێگای مەترسیی زانیون. هەربۆیە بە توندی هەڕشـەی لە هەموو ئەوانە كردوە كە "بە كردەوەی جێگای گومانو رەفتاری دووبەرەكی خولقێنانە لەم هەلومەرجە ناسكەدا دوژمـن بـۆ كـردەوەی نـیزامی لەدژی ئێران هان دەدەن".

### سكرتێری گشتیی حیزب لە سێزدەهەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوكتور قاسملوودا:

# "بە كاری بەكۆمەڵو عەقڵی بەكۆمەڵو یەكدڵیو یەكدەنگی هەمیشە دەتوانین كەلێنی دوكتور قاسملوو لەنێو خۆمان دا پڕ بكەینەوە"



دوانیـــوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی پووشـــپەڕ، لـــە سـێزدەهەمین سـالڕۆژی شـەهید بوونـی دوكتـور قـاسملوو ڕێبـەری مـەزنو بـە توانـای حـیزبی دێمۆكراتو خەباتی میللی ـ دێمۆكراتیكـی گـەلی كورد لە كوردستانی ئێراندا، ڕێورەسمێكی تایبـەتی بە بەشداریی ژمارەیەكی زۆر لە هاوڕێیانی حـیزبی لە بنكەی دەفتـەری سیاسیی حیزبی دێمۆكراتـی كوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

لـەو ڕێورەسمـەدا سـكرتێری گشـتیی حـیزب هاوڕێی تێكۆشەر مامۆستا عـەبدوڵلا حەسـەنزادە وتارێكی پێشكێش كرد. بەڕێز سـكرتێری گشـتیی حیزب لە سەرەتادا لەسەر كەسایەتیی هاوڕێی نەمر سەلامی عەزیزی بە بۆنەی ٣ ساڵەی كۆچی دوایـی ئەو، قسەی كرد. پاشان هاتـە سـەر باسـی ژیـانی خەباتگێڕانەی دوكتور قاسملووی نەمرو نەخشی ئەو ڕێبەرە گەورەیە لە بووژاندنەوەی حیزبی دێمۆكراتو بەرەو پێش بردنی ئەو حیزبەو خەباتی گەلەكەیدا. سكرتێری گشـتیی حیزب زۆر لەو دەرسانەی ناو بردن كە دوكتور قاسملوو فێری كردووین. پاشان مەبەستی كۆماری ئیسلامیی لە تیرۆرو لەنێو بردنی ئەو ڕێبەرە شی كردەوە.

هـاوڕێ عـەبدوڵلا حەسـەنزادە لـە وتارەكـەیدا باسێكیشـی لـە هەلومەرجی ئەمڕۆی ولاتو تازەترین ڕووداوەكانی ئێران كردو قامكی لەسەر ئەو ڕاستی‌یە دانا كـە ولاتەكـەمان لـە دەروازەی ئـالۆگۆڕێكی بنەڕەتی دایە. بـە سـەرنجدان بـەو ئاكـام وەرگرتنـەش گوتـی: **"ئـەم واقعییەتە ئەركی تازە دەخاتە سەرشانی هەموو ئازادیخوازانی ئـێرانو یەك لەوان تێكۆشەرانی دێمۆكرات. با بە ئیرادەیەكی پتەوو هومێد بە دوارۆژەوە بەرەو پیلی ڕووداوەكان بچـینو خۆمـان بـۆ بەجێگـەیاندنی ئەركەكانمان لە هەموو بارێكەوە ئامادە بكەین. با حیزبەكەمان دیسان نوختەی هومێدی هەموو خەڵكی كوردسـتانو هـەموو ئـازادیخوازانی ئێران بێ".**

لە درێژەی ڕێوڕەسمەكەدا چەند سروودی تایبەت بەو یادە لەلایـەن هونەرمەندانی كۆڕی هونەریی حیزبەوە پێشكێش كران. شاعیران كـاك فەرەیدوون ئەرشەدیو كـاك برایمـی جـەهانگیرییش بـە خوێندنەوەی شـێعرو پەخشـان ڕێزیـان لـە كەسـایەتیی بەرزی ئەو ڕێبەرە مەزنە نا.



سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی وتارەكەی سكرتێری گشتیی حیزب ڕادەكێشین: ٢

## خۆپیشاندانی هەزاران كەسیی كرێكاران لە تاران




هەزاران كرێكـار لـە تـاران كـە ڕۆژی ٢٥ی پووشپەڕ بە پشتیوانی لە قانوونی كاری ئێسـتاو نارەزایەتی دەبڕین لە دەستێوەردانی ئەو قانوونـە لەبەر دەركی بنكەی ناوەندیی ڕێكخـراوی دابـین كردنی كۆمەڵایەتی (تأمین اجتماعی) كۆبوونـە، كەوتنە بەر هێرشی بەناو هێزە ئینتیزامی‌یەكانو هەروەها بەرپرسانو دستو پێوەندەكانی "خانەی كارگەر". لە تێكهـەڵچوونی نێـوان كرێكـارانو بەكرێگیراوانی ڕێژیمدا دەیان كەس بریندار بوونو ژمارەیەكیش لەوان گیران.

دەسـتو پێوەندەكـانی "خانـەی كارگـەر" كاتێك دیتیان كرێكاران دروشـمـەكانی ئـەوان بـە لایەنگری لە خامنەییو ڕێژیم دووپات ناكەنەوەو بە دژی ڕێژیـم دروشـم دەدەن، پـەلاماریان بـردە سەر كرێكاران. كرێكارانیش لــە بەرامبـەریاندا ڕاوەستان. سـەرئەنجام هـێزە ئینتیزامی‌یـەكانیش بـە قازانجی بـەكرێگیراوانی "خانـەی كارگـەر"و بـە دژی كرێكـاران هاتنـە مـەیدان. كرێكـاران كـــە قـاپو قابڵەمـەی بـەتاڵیان بـە دەسـتەوە بـوو و پێكیـان دادەدان، دژی هـەر دوو قۆڵـی ڕێژیـم دروشمیـان داو خوازیاری پێكهاتنی سەندیكای سەربەخۆو مانگرتنی حیرفەییو كرێكاری بوون.

بـە گوێـرەی هێندێـك لـــە ڕاپۆرتـەكان هـێزە ئینتیزامی‌یـەكانو هێزەكـانی دژ بـە ڕاپـەڕین (ضـد شورش) بـەگازی فرمێسـكهێنەر، تەقـەی هـەواییو باتومو دار هێرشیان بـردە سـەر كرێكـارانی نـاڕازی. تێكهەڵچوونـەكان كـاتێك ڕوویـان دا كـە كرێكـاران دەیانەویسـت بـە مەبەسـتی داگـیر كردنـی بنكـەی ڕێكخراوی دابین كردنی كۆمەڵایـەتی، لـە نـەردەكانی ئەو بنكەیە سەركەون.

## عەرەفات:



### "خامنەیی پشتیوانی تاقمە توندڕەوەكانی فەلەستینە"

لە سەرەتای مانگی ژووئیەدا یاسر عەرەفات ڕێبەری حكوومەتی خودموختاری فەلەستین لە چاوپێكەوتن لەگەڵ "پیرۆ فالینۆ" ڕێبەری حیزبی دێموكراتی چەپی ئیتالیـادا ـ كـە بۆ بەشداری لە كونگرەی حیزبی كـاری ئیسـرائیل چـوو بـووە ئـەو ولاتـە ـ عـەلی خامنەیی ڕێبەری كۆماری ئیسلامیی بە یەكێ لە پشتیوانانی كردەوە خۆكوژی‌یەكان بە دیژی ئیسرائیل دانا. عەرەفات وتی عەلی خامنەیی وێڕای ڕێبـەرانی سـوودانو یەمەن لە ریزی ئەو كەسانەدان كە پشتیوانی لە تاقمە توندڕەوەكـانی دژی ئاشـتیو سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەكەن. ڕێبەری حكوومـەتی خودموختـاری فەلەستین وتی: خامنەیی نـەك هـەر راستـەوخۆ بـەڵكوو ناڕاسـتەوخۆو لـە ڕێگـای ولاتانی وەك ئەفریقای جنووبی‌یەوە، یارمەتی بۆ تاقمە تونـدڕەوە فەلەسـتینی‌یەكان دەنێرێ.

## دەوڵەتی ئەمریكا سەبارەت بە فرۆشتنی چەكو تەقەمەنی بە كۆماری ئیسلامی گەمارۆی لە سەر ٨ كۆمپانیای چینی دانا

دەوڵەتی ئەمریكا ڕایگـەیاندوە كـە گـەمارۆی ئـابووری لـە دژی ٨ كۆمپانیای چینی بەڕێوە دەبا. ئەو ٨ كۆمپانیایە چـەكی میكرۆبـیو ئـەو چەكانەیان بە ئـێران فرۆشـتوون كـە سەقامگرتوویی (ثبات) تێك دەدەن. دوای ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، ئەوە چوارەمین جارە كە دەوڵەتی ئەمریكا كۆمپانیـا دەوڵەتی‌یـەكانی چـین بـە پێشێل كردنی قانوونەكانی ئـەمریكا لە بارەی فرۆشتنی چەك بـە ولاتـانی یاغیو ملهوڕ، تاوانبار دەكا.

بە پێی نووسـینی ڕۆژنامـەی واشـنگتۆن پۆست، كاربەدەستانی وەزارەتی ئەمریكا ڕایان گەیاندوە كە ئەو گەمارۆیانـە لـە چـەند ڕۆژی داهاتوودا بە شێوەی ڕەسمی ڕادەگەیەنرێن.

وەزارەتی دەرەوەی ئـەمریكا ڕۆژی پێنـج شـەمە ٢٧ی پووشـپەڕ دەوڵـەتی چینـی لـەو گەمارۆیانـە ئاگـادار كـردەوە. بـە گوێـرەی گـەمارۆكان ئـەو ٨ كۆمپانیایـە نـاتوانن لـە تێكۆشـانی بازرگـانیو لـە بـواری هـەناردەو هاوردە (صادرات و واردات)دا لەگەڵ ئەمریكا هاوكارییان هەبێ.

## فشارو هەڕەشە بۆ سەر ئایەتوڵلا تاهیری درێژەی هەیە

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئیستیعفانامە سەر ئاوەڵاو ئازایانەكەی ئایەتوڵلا تاهیری ئیمـام جومعـەی ئیسـفەهانو ئەندامی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبـەری كـە پـەردەی لەسـەر ڕیـاو درۆو رەفتـاری ستەمكارانەی دەسـەلاتدارانی خۆسەپێنی ولات لاداو قسەی دڵی بەشێكی زۆر لە خەڵكی ولاتی دەكرد، پێ بە پێـی شـەپۆلی تـەبلیغاتیی پـڕ لـە هەڕەشەو سووكایەتی بۆ سەر ناوبراو لەلایەن كەسانو دامو دەزگا جۆراوجۆرەكانی سەر بەخامەنەیی، فشار بـۆ سـەر ئایەتوڵلا تاهیری بـە مەبەسـتی پاشەكشـە لەهەڵوێسـتەكەیو وەرگرتنـەوەی قسـەكانی درێـژەی هەیـە. سـەرەڕای وەلامەكەی خامەنەیی بە ئیستیعفای ناوبراوو دیداری چەندین سەعاتەی هەیئەتێكی پێكهاتوو لە حەسەن ڕووحانیو قازی عەسكەر لەگەڵ ئایەتوڵلا تاهیری بە مەبەستی ئیمزا كردنی نامەی پاشگەز بوونەوەو تەبلیغاتی هاوئاهـەنگی ئیمام جومعەكان لە نوێژی هەینیی ڕابردوو لە دژی كردەوەی ئەو، ئایەتوڵلا تاهیری ئامادە نـەبووە داواكـەی ئـەوان كەدەربڕینی پەشیمانی لەو هەنگاوە ئازایانەیەتی، جێبەجێ بكا.

## لەم ژمارەیەدا

هەواڵەكانی كوردستان ٣
ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ١٨ی پووشپەڕ سێهەمین ساڵڕۆژی هێرش بۆسەر "كوویی زانستگە" ٤
"لباس شخصی"یەكان!! ٤
بەڵگەیەكی دیكە بۆ لەقاودانی نێوەرۆكی راستەقینەی ڕێژیم ٥
سەرنجێك لە وەڵامنامەی خامنەیی بۆ ئایەتوڵلا تاهیری ٥
ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی خوێندكاری لە ئێراندا ٩
ململانێی نێوان پرۆتستانتیسمی ئیسلامیو مەزهەبی ڕەسمی ١٠
رووتاندنەوەی قوتابیانو خوێندكاران لە پێناوی چیدا؟ ١٠
دەست بەكار بوونی دادگای نێونەتەوەیی سزادان ١١
جیهان لەگەڵ ئالۆگۆڕێكی مێژوویی بەرەوڕوویە ١١

# وتاری سکرتیری گشتیی حیزب لە سیزدەهەمین سالرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا

***هاورێ خۆشەویست‌و تێکۆشەرەکان! خوشك‌و برا بەرێزەکان!***

بەخێر بێن بۆ کۆڕی ڕێزگرتن لە یادی شەهیدی نەمر دوکتور عبدالرحمن قاسملو، رێبەری زاناو بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەمڕۆ تەنیا رۆژی سالٚ نیە کە حیزبی دێموکرات یادی شەهیدانی تێدا دەکاتەوە. بەداخەوەو هەر لەوکاتەدا بەشانازی‌یەوە دەکرێ بلێین هەموو رۆژێکی سالٚ سالٚوەگەری شەهید بوونی یەك یان چەند و تەنانەت چەندین رۆلٚەی تێکۆشەرو خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەربۆیەشە حیزبەکەمان رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی هەموو سالێکی وەك رۆژی شەهیدان دیاری کردوە تا لەو رۆژەدا یادی هەموویان بکرێتەوەو تەنیا شەهیدانی رێبەرن کە هەموو سالێ لە رۆژی شەهید بوونیان دا رێزیان لێ دەگیرێ.

کۆڕی ئەمرۆمان بە بۆنەی تیپەر بوونی ١٣ سالٚ لە تیرۆری ریبەری لیوەشاوەو پایەبەرزی حیزبی دیموکرات‌و دیپلۆمات‌و سیاسەتمەداری ناوداری کورد، دوکتور قاسملووی نەمرو ٣ سالەی کۆچی دوایی بە ناوەختی خەباتگیری ماندوویی نەناسی ریزەکانی دیموکرات سەید سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبە خۆشەویستەکەمان لە رۆژی ٢٤ی پووشپەری ١٣٧٨دا، ریك خراوە. بەشداریی ئیوە لەو ریورەسمەدا نیشانەی ریزدانانە بۆ ئەو نەخشە گرنگ‌و کاریگەرە کە هەردووکی ئەمانەو بەتایبەتی دوکتوری نەمر لە بەرەوپیشبردنی خەباتی حیزب‌و گەل دا یاری‌یان دەکرد.

زۆر لە بەشدارانی ئەم کۆرە دوکتور قاسملوویان لە نیزیکەوە نەدیوەو تەنیا لە رووی یادگارو شوینەوارەکانی لە نیو حیزب دا، لەسەر لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارو کتیبە میژوویی‌یەکان‌و لە زمانی تیکۆشەرانی هاودەورەیەوە ئەویان ناسیوە. بەلاّم زۆربەی ئیمە سەید سەلامی عەزیزیمان لە نیو خۆمان دا دیوەو هەر ئیستا کە یادی دەکەینەوە، قەلاّفەتی جوامیرانەو لیوی هەمیشە بە بزەو تەنانەت ئیمانی بە هیزو ئیرادەی خەباتگیرانەی ئەو هاورێ بەوەج‌و بە توانایەمان لەپیش چاوە. هەمووی ٣ سالە کە لە وەختیکی ناوەخت‌و لە هەلومەرجیك دا کە حیزبەکەی‌و گەلەکەی لە هەموو کاتیك زیاتریان کار پیی بوو، دەستی ئەجەل لە باوەشی رفاندین‌و داخی لەدەستدانی لەسەر دلٚ بەجێ هیشتین.

سەلام عەزیزی ئەو رۆلە بە ئیمان‌و لەخۆبووردووە بوو کە لەگەلٚ ئەوەی پیش راپەرینی سالی ١٣٥٧ی ئیران پیوەندی‌یەکی قوولی بە حیزبەوە نەبوو، هەر کە دەرەتانی بۆ خولقاو بانگەوازی ویژدانی بۆ دیفاع لە مان‌و مافەکانی خەلکی کوردستان بەگوێ گەیشت، پشتی لە هەموو خۆشی‌یەکانی ژیان‌و هەموو پلەو پایەیەکی دەولەتی کردو وەك پیشمەرگەیەك ریزەکانی حیزبی دیموکراتی بۆخۆی هەلٚبژارد. بەلاّم بە کاری بەردەوام‌و دلسۆزانەو نیشاندانی لیوەشاوەیی ماوەیەك دواتر هەموو پلە تەشکیلاتی‌یەکانی بری‌و گەیشتە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسی.

ئاخر مەسئوولییەتی کاك سەلام بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بوو. ئیوە هاورییان باشتان لەبیرە کە بە چ ئینیرژی‌و هەولٚ‌و تەقەلایەکەوە شەو و رۆژی دەدایە دەم یەك بۆ ئەوەی لە بەجێهینانی ئەرکەکانی دوا نەکەوێ‌و ئۆلگوویەکی باش بێ بۆ کادرو پیشمەرگەو هەموو ئەندامانی حیزب کە بە پیی مەوقعییەتەکەی پیوەندیی لەگەلٚ هەموویان هەبوو.

بێگومان لە دەستچوونی ئەو تیکۆشەرە بۆ هەمووی ئیمە زیانیکی گەورەو داخیکی جەرگبر بوو. بەلاّم با نەی‌شارمەوە کە ئەو برینە بۆ ئیمە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، هاوکارانی هەرە نیزیکی کاك سلام بەژانتر بوو. ئیستاش پاش تیپەرینی ٣ سالٚ جیی لە نیو جەمعی ئیمەدا هەر دیارەو یادی‌و ناوی‌و بیرەوەری‌یەکانی بە بەردەوامی حازرە. رووحی شادو ریگای پر ریبوار.

کە دیینە سەر باسی دوکتور قاسملوو لە پیش دا دەبێ بلیین هەم ئەو جۆرە کۆرو کۆبوونەوانە بۆ یادی ئەو گەورە پیاوەو ریزگرتن لە خزمەت‌و شاکارەکانی زۆر چووك‌و بەرتەسکن‌و هەم دەرفەتیکی وەك ئیستا بۆ باسی بەشیکی هەرچەند کەم لە سروشتە شۆرشگیرانەو زانستی‌و خەباتگیرانەو ئینسانی‌یەکانی زۆر تەنگە. قاسملوو ئەوە هەلٚ دەگرێ کە سالاّنە لە هەموو شاروگوندیکی کوردستان‌و هەموو پارچەکانی کوردستان کۆبوونەوەی هەزاران‌و دەیان هەزارو سەدان هەزار کەسی بۆ یادی شەهید بوونی بگیرێ‌و هەر لەو کاتەدا دەیان لیکۆلینەوەی زانستی لەسەر ژیانی سیاسی‌و خەباتگیرانەی بکرێ‌و بە دەیان تیزی دوکتورای لەسەر بنووسرێ. کەوایە لەم دەرفەتە کورتەدا دەتوانین شتیکی یەکجار کەم‌و تەنانەت کالٚ‌و کرچیش لەبارەی قاسملووی ریبەرەوە باس بکەین.

لە نیو ئەم باسە کورتەش دا ریگام بدەن زۆر خیرا بەسەر دەورەکانی سەرەتای تیکۆشانی لە نیو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا تێپەرم، بۆ ئەوەی دەرەتانیکی کەمیك زیاتر بۆ باسی دوا دەورەی تیکۆشانی وەك ریبەری حیزبە خۆشەویستەکەمان بهیلمەوە. رەنگە زۆربەی ئیوە بزانن کە قاسملووی نەمر تیکۆشانی سیاسیی خۆی بە ئەندامەتی لە ریزەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران دا دەست پێکردوەو هەتا پاش رووخانی کۆماری کوردستان نەخشیکی راستەوخۆی لە تیکۆشانی حیزب دا نەبووە.

دوای رووخانی کۆماری کوردستان عبدالرحمن قاسملو یەکیك لەو کەسانە بووە کە لە دەست پیکردنەوەی خەباتی نهینیی حیزب دا نەخشیان هەبووەو بە تایبەتی لە ریزی پیشەوەی ئەوانە دا بووە کە سالی ١٣٣٤ پاش دەورەیەك یەکیەتیی ریکخراوەیی لەگەلٚ حیزبی توودەی ئیران لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزب دا بریاری بچراندنی پیوەندی تەشکیلاتی لەگەلٚ حیزبی توودەو سەربەخۆ کردنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتیان داوە.

داستانی ناکۆکیی نیو ریزەکانی ریبەرایەتیی حیزب‌و گیروگرفتەکانی ژیانی سیاسی لە دەربەدەریدا پاش راکردنی زۆربەی ئەندامانی ریبەری بۆ عیراق‌و لەوانەش گرنگتر وەدەرنرانی دوکتور قاسملو لە عیراق بە دەسکیسیی موخالیفەکانیشی شتیك نیە کە لیرەدا دەرەتانی باسکردنی هەبێ. لەم بەشەدا هەر ئەوەندە دەلیم کە لەماوەی زیاتر لە دە سالٚ ژیان لە دەربەدەریدا ئەگەرچی بە کردەوە پیوەندی‌یەکی بە

> **دوکتور قاسملوو فیری زۆر شتی کردین. ئوسوولی حیزبی، نەزم‌و دیسیپلین، باوەر بەخۆبوون، باوەر بە گرنگیی تەشکیلات، بایەخدانی هەرچی زیاتر بە پیوەندیی بەرین لەگەلٚ کۆمەلاّنی خەلك، لەبەرچاوبوونی قازانجی گەورەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و قوربانی کردنی دەسکەوتی چووك لە پیناوی پاراستنی دەسکەوتی گەورەو قازانجی گشتی دا. لە نیو ئەو شتانەدا کە بەهەق دوکتور قاسملوو لەنیو حیزب دا چەسپاندنی بەتایبەتی بەجییە باسی سەربەخۆیی سیاسی‌و سەربەخۆیی بریاردان بکەین کە ئیستاش لە نیو دۆست‌و دوژمن دا حیزبەکەمان پیی ناسراوەو پیی سەربەرزەو هەموومان شانازیی پیوە دەکەین.**

تەشکیلاتی حیزبەوە نەمابوو، و تەنانەت وەك شەخسیك لە ژیر چەتری تەشکیلاتیی حیزبی توودە دا دەژیا، هیچ کاتیك پیوەندیی مەعنەوی‌و رووحیی لەگەلٚ کوردو حیزبی دیموکرات نەپساندو بە دەرکردنی رۆژنامەیەك بە ناوی "کوردستان" بە هاوکاریی چەند کەس لە دۆستانی تا رادەیەك توانیبووی کەلینی نەبوونی هیچ بلاّوکراوەیەکی ریك‌و پیك بە ناوی حیزبەوە پر بکاتەوە. ئەو دەورەیەی "کوردستان" هەرچەند ئۆرگانی حیزب نەبوو، بەلاّم نیوەرۆکەکەی دیفاع لە ئاوات‌و ئامانجەکانی گەلی کورد لە ئیران‌و روانگەو بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

نەخشی دوکتور قاسملووی ریبەر ئەوکاتە دەست پێدەکاو زەق دەبیتەوە کە سالی ١٣٤٩ دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەبارەی بەرەسمی ناسرانی ئوتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراقەوە دەگەریتەوە عیراق. بەداخەوە زۆر کەمن ئەو هاورییانە کە بە چاوی خۆیان ئەو دەورەیە لە تیکۆشانی حیزبی دیموکراتیان دیوەو لە نیزیکەوە لە نیوی دا ژیاون. ماوەی دە سالی نیوان ١٣٣٩ تا ١٣٤٩ بە ئاسانی دەکرێ بە دەورانی مەینەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناو ببرێ. لە پیش دا دەبێ بلیم ئەم ماوەیە هەر لەوکاتەدا دەورانیکی پر هەولٚ‌و تیکۆشان‌و فیداکاری‌و قارەمانەتی‌و گیانبازییش بوو. لەو بارەیەوە هەر ناوبردن لە بزووتنەوە چەکدارانە ١٨ مانگی‌یەکەی سالاّنی ٤٧ـــ١٣٤٦ وەك بەلگەی راستی‌و دروستیی ئەم بۆچوونە بەسە.

بەلاّم ئەو دە سالە بۆیە بە دەورانی مەینەت دادەنیم چونکە پر بوو لە ململانەی بێجێ‌و مالویرانکەر لەنیو ریزەکانی حیزب دا، دەورانی لەبیرچوونەوەو لەوە زیاتر پێشیلکردنی ئوسوولی حیزبی، سەردەمی ترازان لەو ریبازە ئینسانی‌و دیموکراتی‌و پیشکەوتووانەیە بوو کە حیزبی دیموکرات لە سەرەتای دامەزرانی خۆیەوە هەلی بژاردبوو، دەورانی گرفتار بوون بە سەرەرۆیی‌و بریاری تاکەکەسی‌و لەوانەش تراژیکتر دەورەی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی‌و سەربەخۆیی بریاردان بوو.

لە سەروبەندیکی ئاوادا بوو کەکورد دەروویەکی خیری لێکرایەوەو بە ئیمزاکرانی ریککەوتننامەی یازدەی ئادار لەنیوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی عیراق‌و دەولەتی ئەو ولاّتەدا دەرەتانیکی هەرچەند کەم‌و بەرتەسك‌و تەنگەبەر بۆ تیکۆشانی سیاسی‌و تەشکیلاتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان رەخسا. راست لەو دەورەیەش دابوو کە دوکتور قاسملو بە دنیایەك ئەزموون‌و رابردووی سیاسی‌و دەلیایەك لەزانست‌و وردبینی‌و رادەیەکی بێوینە لە پیوەندیی شەخسی‌و سیاسی‌و زانستی لەگەلٚ شەخسییەت‌و کۆرو کۆمەلە کوردو ئیرانی‌و خاریجی‌یەکانەوە گەرایەوە کوردستانی عیراق‌و لەگەلٚ تیکۆشەرانی حیزب کە هەر بەشەیان لە جییەك‌و بە شیوەیەك دەژیان‌و کەمترین رادەی پیوەندیی فیکری و تەشکیلاتی پیکەوەی گرێ دەدان یەکی گرتەوە.

بە راشکاوی‌و هەر لەو کاتەدا بەئەمەگناسی‌یەوە دەبێ بلیین دوکتور قاسملو لەم دەورەیەدا رۆنیسانسی لەنیو حیزبی دیموکرات دا بەرپا کردو گیانیکی تازەی بە بەر پەیکەری نیوەگیانی ئەم حیزبەدا کردەوە. پیش هەموو شتیك لەبەر ئەوە کە شەخسییەت‌و ناوو ناوبانگ‌و مەوقیعییەتی بۆ هەموو دەستەو تاقم‌و قۆلەکانی نیو حیزب جیگای قبوولٚ بوو. پاشانیش لەبەر ئەوە کە بە حەوسەلەو حەکیمانە لەگەلٚ هەموان‌و تەنانەت لەگەلٚ سەرسەختترین موخالیفەکانیشی هەولی دا لە دەوری یەك ئامانج‌و بەرنامە کۆببنەوەو ئەوانەش کە روو لە ریبازیکی وا دروست‌و ئوسوولی‌و نیشتمانی وەرگیرن عوزریکی جیگای پەسندیان نەبێ. ریگایەکیش کە قاسملوو دەی‌خستە بەر پیی تیکۆشەرانی دیموکرات شتیك نەبوو جگە لەو ریبازە کە لە سەرەتاوە بە دەستی بەتوانای پیشەوای شەهید قازی محمەد نەخشەی کیشرابوو و رەنگی ریژرابوو.

بە هەولٚ‌و تیکۆشانی دوکتور قاسملوو، و هاوکاریی دلسۆزانەی هەموو ئەوانەی کە ئامانجیکیان جگە لە بەرەوپیشبردنی حیزب‌و خەباتی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستانی ئیران نەبوو، هەموو دەستەو گرووپەکانی سەر بە حیزب‌و زۆر لەو کەسانەش کە بە نائومیدی روویان کردبووە کاری شەخسی‌و لە ژیانی حیزبی دوور کەوتبوونەوە، لە ژیر ئالاّی حیزبیکی یەکپارچەو لە دەوری ریزە ئامانجیکی پیشکەوتووانە کۆبوونەوە. ئەمجار دەست کرا بە بنیاتنانەوەی سەرلەنویی ئوسوولی حیزبی‌و بە ئینسافەوە بلیم دوکتۆری نەمر قوتابخانەیەکی بۆ پەروەردەکردنی تیکۆشەرانی دیموکرات بە بیروباوەری پیشکەوتووانە کردەوە.

لە پیش دا لەنیو هاوری‌یانی ئاوارەو پەرش‌و بلاّو لە کوردستانی عیراق‌و ناوچەکانی دیکەی عیراق داو دواتریش بەرەبەرە لە نیوخۆی ولاّت دا ریکخراوی حیزبی دەستی بە بووژانەوە کردو کاردروستایی بۆ دارشتنەوەی قەوارەی حیزبی‌و گرتنی کۆنفرانس‌و کۆنگرەی حیزبی‌و مەشرووعییەت بەخشین بە ریبەرایەتی دەست پێکراو لە ماوەیەکی دەکرێ بلیین کورت دا ئەو هەولٚ‌و تەقەلایە سەرکەوت‌و هەموو ئامانجە نیزیکەکان وەدی هاتن‌و بەرنامە بۆ خەبات لە پیناوی ئامانجە دریژخایەنەکان دا دانرا.

گەرانەوەی دوکتۆر لە هەموو مەیدانەکان دا تەکانیکی گەورەی بە حیزبی دیموکرات دا. لە ماوەیەکی کورت دا حیزب بوو بە خاوەنی تەشکیلاتی خۆی، بەرنامەو پیرەوی خۆی، رۆژنامەی ئۆرگانی خۆی، بلاّوکراوەی نیو تەشکیلاتیی خۆی‌و لە هەمووی گرنگتر بریاری سیاسیی خۆی. لە حیزبیکی لەبیرکراو و بێناوونیشان لە نیو کۆرو کۆمەلە سیاسی‌یەکان دا بوو بە خاوەنی پیوەندی‌یەکی بەرینی سیاسی لەگەلٚ حیزب‌و ریکخراوو کۆرو کۆمەلە سیاسی‌یە کوردو ئیرانی‌و بیگانەکان‌و وەك حیزبیکی بە پرەنسیپ ناوبانگی دەرکرد.

دوکتور قاسملوو فیری زۆر شتی کردین. ئوسوولی حیزبی، نەزم‌و دیسیپلین، باوەر بەخۆبوون، باوەر بە گرنگیی تەشکیلات، بایەخدانی هەرچی زیاتر بە پیوەندیی بەرین لەگەلٚ کۆمەلاّنی خەلك، لەبەرچاوبوونی قازانجی گەورەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و قوربانی کردنی دەسکەوتی چووك لە پیناوی پاراستنی دەسکەوتی گەورەو قازانجی گشتی دا. لە نیو ئەو شتانەدا کە بەهەق دوکتور قاسملوو لەنیو حیزب دا چەسپاندنی بەتایبەتی بەجییە باسی سەربەخۆیی سیاسی‌و سەربەخۆیی بریاردان بکەین کە ئیستاش لە نیو دۆست‌و دوژمن دا حیزبەکەمان پیی ناسراوەو پیی سەربەرزەو هەموومان شانازیی پیوە دەکەین.

بە چەشنیکی گشتی قاسملوو ریبەریکی بەتوانا، هوشیار، زیرەك‌و کارلیهاتوو بوو. ئەو لە زۆر بواری ژیانی سیاسی‌و کۆمەلاّیەتی دا کەم وینە بوو. شۆرشگیرو پیشمەرگەی شاخ‌و رووناکبیرو نووسەرو ئەدیب‌و ئەدەبدۆستی شار بوو. لە ژوورەوە ریبەریکی خەلکی‌و خۆمالی‌و لە دنیای دەرەوە دیپلۆماتیکی کارامەو شارەزا بوو. زۆر کەسی بیگانە لەسەر شەخسییەتی سیاسی‌و توانای دیپلۆماسیی قاسملوو شتیان نووسیوە. لیرەدا تەنیا نموونەیەك لە جاناتان رەندالٚ رۆژنامەنووسی بەتوانای ئەمریکایی دەگیرمەوە کە دەلێ:"قاسملوو تەنیا ریبەری کورد بوو کە دەی‌توانی بە لیوەشاوەیی‌و ئازایی‌یەوە لەگەلٚ هەر دەولەتیك بکەویتە وتوویژو دانوستاندنیکی سەربەرزانە. دەرکی سیاسی‌و پیوەندی‌یەکانی لەگەلٚ سیاسەتمەداران‌و رۆژنامەنووسانی ئورووپایی‌و هی دیکە بوعدیکی "عملی"ی بە شەخسییەتی قاسملوو دابوو کە لە هیچ شەخسییەتیکی دیکەی کورد دا نەبوو". پاشان دەلێ "زۆر لە کوردەکان لەو باوەرەدان ئەگەر دوکتور قاسملوو ئیستا مابایە دەی‌توانی کاری هەموو کوردان بەرەوپیش بەرێ".

هەمووی ئەم خەسلەتانەو زۆر سروشتی شۆرشگیرانەی دیکەی دوکتور قاسملوو ببوونە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی داخ لە دلی گەلی کوردو حیزبی دیموکرات رقیکی کۆنەپەرستانەی قوولی لە قاسملوو بێ‌و هەموو ریگاکان بۆ لەنیو بردنی بگریتە پیش. لە راستی دا ریژیم دەیەویست بە لەنیوبردنی دوکتور قاسملوو حیزبی دیموکرات لەنیو بەرێ‌و هەربۆیەش نیشانەی لە سەری حیزبی دیموکرات گرتبوو. زۆر لە هاورییان دەزانن کە دەولەت بۆ ئەو ئامانجە دژی‌گەلی‌یە زۆر ریگای تاقی کردنەوەو سەرنەکەوت. تا سەرەنجام لە هەستی ئاشتیخوازیی دوکتور کەلکی وەرگرت‌و بە غەدرو خەیانەت لەسەر میزی وتوویژ لەگەلٚ هاور ێ عبداللە قادری آذر نوینەری حیزب لە ئورووپاو دوکتور فاضل رسول، کوردی عیراقی‌و مامۆستای زانستگە لە ڤیەن تیرۆری کرد.

بۆ لاپەری٣

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# هەواڵەکانی کوردستان

## کاری تەبلیغی لە شارەکانی کوردستان

رۆژی ٢٢ی پوشپەر، بە بۆنەی سیزدەهەمین سالرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوی نەمر، ریبەری لیهاتووی گەلی کوردو سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کاری تەبلیغی کراو تراکتو وینەی ریبەرانی شەهید بلاو کرایەوە. لایەنگرانو ریبوارانی ریگەی ئازادیو شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو لە سەرتاسەری کوردستان بەم کردەوە شۆرشگیرانەیە هەم ریزیان لە یادو بیرەوەریی ئەو مامۆستاو ریبەرە شەهیدە گرتو هەم نیشانیان دا تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەل، ریگەی دوکتور قاسملووو سەرجەم شەهیدانی ریگەی ئازادی دریژەی دەبێ.

### نەغەدە

رۆژی ٨ی پوشپەر چەند چەکدار لە نیوان شارەکانی مەهابادو نەغەدە لە ناوچەی "ماسویو دایماو" پیش بە ماشینی کەسیك بە ناوی "عەلی سوارە"و هاورییەکی دەگرنو پارەو هەرچی شتومەکیان پێ دەبێ، لییان دەستینن. عەلی سوارە بۆ ئەوەی کورەکەی، کە ئەویش بە ماشینیکی دیکە بە شوینیانەوە بووە، ئاگادار کاتەوە کە تووشی ئەو داوە نەبێ، هەڵ دێو لە لایەن چەکدارەکانەوە لە پشتەوە دەکەویتە بەر دەسریژی چەکدارەکانو گیانی لە دەست دەدا.

### سەردەشت

سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە ریکەوتی ١٣٨١/٤/٢٤ هیزەکانی ریژیم هیرشیان کردە سەر بازاری "گەناو" لە سنووری سەردەشتو شتومەکی کاسبکارانیان بە تالان بردو خەلکیان دایە بەر دەسریژی گوللەی چەکەکانیان، هەر چەند بەخۆشییەوە کەس تووشی گیان لەدەست دانو بریندار بوون نەهاتوە بەلام چەند سەر ولاغ لەوبەینەدا تیدا چوون.

### سەقز

رۆژی ٨١/٤/٢٤، دو میرمنداڵ بە ناوەکانی ژالە کەریمیو موزەفەر کەریمی لە ئاوایی "حاجی مەمان" لە ناوچەی سەقز کەوتنە سەر مینو بە توندی بریندار بوون.

رۆژی ٢٧ی پووشپەر، لە جادەی سەقز ـ بۆکان جاشیك ناسراو بە عەبەی حەمە سالح دەکەویتە شوین ماشینیك کە باری سیگاری پێبووەو لە کاتیکدا ماشینەکە بە خیرایی دەرۆیشت تەقەی لیدەکا. لە ئاکام دا شۆفیری ماشینەکە بە ناوی محەممەد قورەیشی دەکوژرێو ماشینەکەش خۆی بە مینی بووسیکدا دەداو دەبیتە هۆی وەرگەرانی مینیبووسەکەو لەئاکامدا ٦ کەسی دیکە بەو ناوانە گیانیان لەدەست دا:

١ـ ئیبراهیم خەلیلزادە ٢ـ هەمزە ئەمینی ـ شۆررش خانەخوا ٤ـ شۆرش حەسەنزادە ٥ـ محەممەد یاسین ئەحمەد یار ٦ـ حوسینی مەرتەزەوی.

دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" ویرای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتانە، سەرەخۆشی لە بنەمالەو کەسوکاری ئەم رووداوە دلتەزینە دەکا.

# راپۆرتیك لە ریورەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی ١٤١ی سەرەتایی پیشمەرگە

رۆژی سێشەممە ریکەوتی ١٣٨١/٤/١٨، دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بە هەستو نیشتمانپەروەر پاش کۆتایی هاتنی دەورەکەیان (دەورەی ١٤١)ی سەرەتایی پیشمەرگە، بەرگی پیرۆزی پیشمەرگایەتییان پۆشی.

بەم بۆنەیەوە ریورەسمیکی بەشکۆ بە بەشداریی هاوریی بەریزو تیکۆشەر کاك مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە هاورێیەتی هەیئەتیكو ژمارەیەك لە ئەندامی ریبەرایەتی، بەرپرسو کادرو پیشمەرگەکانی فیرگەو هەروەها کۆمەلیك لە تیکۆشەرانی حیزبیو بنەمالەکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی لە فیرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا بەریوە چوو.

ریورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکرد. پاشان هاوریی بەریزو تیکۆشەر کاك مستەفا هیجری بەم بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پیشکەش کرد.

کاك مستەفا لە سەرەتای قسەکانیدا بە بۆنەی هەلبژاردنی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بۆ خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورە کردو هەروەها بۆ سەرکەوتنیان لە دەورەی سەرەتایی سیاسیو نیزامی فیرگەداو پیوەست بوونیان بە ریزەکانی پیشمەرگەوە وتی: "خەبات لە ریزەکانی پیشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا بۆ هەموومان جیگای شانازیو سەرفرازییە، حیزبی پیشەواو دوکتور قاسملووو دوکتور سەعیدو هەزاران رۆلەی تیکۆشەری دیکەی گەلی کورد کە لە پیناوی ئازادیو لە ژیر چەتری ریبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا گیانی خۆیان فیدا کردوە. پیوەست بوونتان بەو ریزە دوورو دریژە لە خەباتکارانی ریگای ئازادی پیرۆز بێ".

پاشان بە دریژی لە سەر ئەرکی فیرگە لە راهینانو بارهینانی لاوانی تازە هاتووو گرینگیو بایەخی وانەکانی فیرگە قسەی کردو دواتر ماندوو نەبوونی لە مامۆستایانی فیرگە کردو هیوای خواست کە لە ئەرکی پیرۆزی پەروەردە کردنی ئەو لاوانەی کە روو دەکەنە ریزەکانی حیزبی دیموکرات هەروا سەرکەوتوو بنو وتی: "ئەو تیکۆشانەو ئەو مامۆستایەتییە بۆ بارهینانی شۆرشگیران لە ریگای حیزبی دیموکراتداو لە ژیر هیدایەتی حیزبی دیموکراتدا ئەرکیکی پیرۆزە، ئەرکیکی بەزەحمەتەو بەو بۆنەوە ئارەزووی موەفەقییەتو سەرکەوتنی زیاتر بۆ هەموو ئەو هاورییانە دەکەم کە لەو پیوەندییەدا کارو تیکۆشانی بەردەوامیان هەبووەو لەوە بەدواش هەر دریژەی دەبێ."

بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی لە بەشیکی تری قسەکانیدا باسی لە هاوکات بوونی ئەو ریورەسمە لەگەڵ ١٨ی پووشپەر، رۆژی خۆپیشاندانی خویندکارانی زانستگای تاران بۆ دەربرینی نارەزایەتی لە داخرانی رۆژنامەی "سلام"و سەرکوتی ئەو خۆپیشاندانانە قارەمانانەیە لە لایەن هیزە بەکریگیراوو گۆپالٚ بە دەستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کردو هەروەها باسی ئەوەی کرد کە ژمارەیەك لەو خویندکارانە سەرەرای ئیعتیرازی دەرەوەو نیوخۆی ئیرانو لەقاودانی رۆژنامەو کەسایەتییە ئازادیخوازەکان هەروا لە زیندانەکانی ریژیمدا لە ژیر گوشاری ئەشکەنجەو ئازاردان.

پاشان راپۆرتی ئامووزشیی فیرگە لە لایەن یەکیك لە مامۆستایانی فیرگەوە خویندرایەوە. دواتر یەکیك لە هاورییانی بەشداری دەورە بە نوینەرایەتی لە لایەن سەرجەم بەشداربوانەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پیشکەش کردو لە پەیامەکەیدا ویرای ئاوردانەوەیەك لە وەزعییەتی ئیرانو کوردستانو ئاماژە بە پەرەگرتنی هەستی شۆرشگیری لە نیو لاواندا، سوپاسی بەرپرسو کادرو پیشمەرگەکانی فیرگەی کرد بۆ ئەوەی کە لە ئەرکی پیرۆزی پیگەیاندنی لاوانی کوردستاندا ماندوویی نەناسانە تێدەکۆشن.

لە بەشیکی تری بەرنامەکەدا هاوریی بەریز کاك عومەر بالەکی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسیفیرگەی سیاسی ـ نیزامی خەلاتی بە سەر ژمارەیەك لە بەشداربواندا دابەش کرد.

نیو ئاخنی بەرنامەکان ئاهەنگو شیعرو گۆرانی جۆراوجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە بە هاوکاریی کۆری هونەری حیزب پیشکەش کران.

**فەرانسە**

### ریورەسمیك لە سەر گلکۆی شەهیدان لە پیرلاشیز

رۆژی شەممە، ١٣ ژووئیە، بە بۆنەی سالرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمرو هاوریی بەئەمەگی کاك عەبدولڵا قادری ئازەر، هەیئەتی دەفتەری نوینەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی ولاتو هەروەها هەیئەتیکی هاوبەشی پیکهاتوو لە نوینەرانی ریکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئیران، ریکخراوی کریکارانی شۆرشگیری ئیران (راە کارگر)، ئەنستیتۆی کورد لە پاریسو سەرنووسەری گۆڤاری ئارەش (پەرویز قلیچخانی)، چوونە گۆرستانی پیرلاشیزی پاریسو بە دانانی تاجە گولینە لەسەر گلکۆی پیرۆزی خەباتگیری ماندوویینەناسی ریگای ئازادی، دوکتور قاسملوو و هاورێ عەبدولڵا قادری ئازەر، ریزیان لە یادو بیرەوەری، خەباتو گیانفیدایی شەهیدانی ریبەری حیزبو گەل گرت.

**درێژەی وتاری سکرتیری گشتی**

شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتور قاسملوو زەبریکی گورچووبری لەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دا. بەلام کاربەدەستانی ریژیم حیسابیان بۆ نەخشیکی زۆر بنەرەتی لە کاری ریبەریی دوکتور قاسملوودا نەکردبوو. ئەویش ئەوە کە دوکتور هەمیشە هەولی دەدا نەخشی تاکەکەسی لەنیو حیزب دا چووك بکریتەوەو بایەخ بەکاری بە کۆمەڵو عەقلی بەکۆمەڵو ریبەرایەتیی بەکۆمەڵ بدرێ. هەر لە وتارە تۆمارکراوەکانی دا هەیە کە دەلێ ئەم حیزبە گەیشتۆتە جیگایەك کە بەشەهید بوونی یەك یان دوو کەس لە ریبەرانی، هەرچەندیش نەخشی گرنگیان هەبێ، تووشی شکانو نووچدان نەبێ. ئەوەبوو کە ریژیم لە وەدەستهینانی ئامانجی سەرەکی لەو جینایەتەدا ناکام مایەوە حیزبی دیموکرات لە ژیر تیشکی رینوینییەکانی قاسملوو، و بە ریگای قاسملوو دا دریژەی بە خەبات داو تا ئیستاش هەروا چەقلی چاوی کۆنەپەرستیو دوژمنانی ئازادییە.

***هاورییانی خۆشەویست!***

زۆرجارم گوتوە کە دوکتور قاسملوو ئەوەندە گەورە بوو کە ئیمە هیچمان ناتوانین جیگای پر بکەینەوە. بەلام بەکاری بەکۆمەڵو عەقلی بەکۆمەڵو یەکدلیو یەکدەنگی دەتوانین هەمیشە کەلینی دوکتور قاسملوو لەنیو خۆمان دا پر بکەینەوە. ئیستا دەمەوێ هەنگاویك بەرەو پیشتر بچمو بلیم هیچ ئینسانیك لە دنیادا پلەی یەکجاریی زانینو کەمالی وەرنەگرتوەو نەگەیوەتە جیگایەك کەس پیی نەگا. کەوایە یەکیك لە مەمانانیش لە دوارۆژدا دەتوانێ ببیتە قاسملوویەك. ئەو هونەرو لیوەشاوەیییە نە لەگەڵ دوکتور قاسملوو لەدایك ببوو، نە بەمیرات بۆی بەجێ مابوو. بەلکوو بەهەوڵو تیکۆشان، بە کاری بیوچان، بە دلسۆزیو خویندنەوەو لیکۆلینەوە بەدەستی هینابوو. کەوایە یەکی دیکە لە تیکۆشەرانی ئەم حیزبەش بە تایبەتی لاوە خویندەوارو تیگەیشتووەکان دەتوانن بگەنە ئەو جیگایە کە قاسملوو پیی گەیشتبوو. بەلام هەولی دەوێ، پشووی دریژی دەوێ، سەبری شۆرشگیرانەی دەوێو تالیو سویری چیشتنو شەو و شەونخوونیی دەوێ.

رەنگە دوکتور قاسملوو لەکاتی خۆیدا ئۆلگوویەکی نەبووبێ کە چاوی لێبکا. ئاشکراشە کە ئیمکاناتو دەرەتانی فیربوونی زۆر کەمتر لەبەر دەست دابوو. لە حالیك دا بەرەی لاوی ئیستا ئۆلگووی دوکتوری شەهیدو زۆر نموونەی دیکەی لە ریبەرانی کوردو غەیرە کوردی لەبەرچاوەو زۆر ریگای فیربوونیشی لەبەر پێ هەن کە لە سەردەمی ژیانی قاسملوودا کورد ناویشی نەدەزانین. بەلام ئەو ئیرادەیە کە لە دوکتور قاسملوو دا هەبوو دەبێ لە ئیمەش دا هەبێ. نموونەیەك دینمەوە، هیوادارم کەس وەخۆی نەگرێ. لە کاتیك دا دەبینین لاوانی رووناکبیری ئەمرۆ زۆریان چاویان لەوەیە کوردستان بەجێ بیلنو روو بکەنە ولاتانی بیگانە، دوکتور قاسملوو پاش ئەوەی هەموو ئیمکاناتی ژیانیکی پر نازو نیعمەتی لە ئورووپا بۆ ئامادە بوو، بۆ خزمەت لە پیناوی رزگاریی گەلەکەی دا گەرایەوە کوردستانو چیاو چۆڵو شاخو دۆلی کردە جیگای ژیان. لەبیرمە هەر ئەوکات کە گەرایەوە نیومان لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پیشنیاری پێکرابوو مانگانە بە حقووقیکی وا کە بە کەم کەس دەدرا وەك کارناس کاری بۆ بکا. کەچی دوکتور ئەوەی رەت کردەوەو هاتەوە لەگەڵ هاورێیەکانی، بێبەشییەکانی ژیانو کەندوکۆسپەکانی سەر ریگا دابەش بکا.

***خوشكو برا بەریزەکان!***

ئەمرۆ لە هەلومەرجیك دا یادی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە کە قاتلەکانی دوکتور قاسملوو بە سیاسەتی دژی ئازادیو ئینسانکوژانەی خۆیانەوە هەروا بەسەر ولاتەکەمان دا زالنو هەر رۆژ کە رادەبرێ بۆ پاراستنی دەسەلاتی زۆردارانەی خۆیان پەنا دەبەنە بەر شیوەیەکی تازە لە زەبرو زەنگو سەرکوتی ئازادییەکان. لەپاش تیرۆری دوکتوری خۆمان تا ئیستا دەیانو سەدان تیکۆشەری کوردو ئیرانی هەر لەسەر ئەو داخوازانە کە دوکتوریان لە پیناودا شەهید کرا، بەدەستی بەکریگیراوانی کۆنەپەرستی تیرۆر کراون. ئەگەر ماوەیەکە ماکینەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کەمتر لەکار دایە، کەس نابێ وا تێبگا کە ئەو ریژیمە وازی لە تیرۆرو ئینسانکوژی هیناوە. چونکە جگە لەوە کە بەشیوەی جۆراوجۆرو بە تاوانی هەلبەستراوی جۆراوجۆر رۆژانە کوشتار لە ئازادیخوازان دەکا، هەر ئیستاش بە پیی ئەو زانیارییانەی بەدەستەوەن، خەریکی وەرێخستنی شەپۆلیکی دیکە لە تیرۆرو لەنیوبردنی موخالیفانە.

بەلام ئەمە لایەکی مەسەلەیە. لایەکی دیکەی مەسەلەکە ئەو ئیرادە پتەوەو ئەو بریارە لیبراوانەیە کە لە کۆمەلانی خەلکی ئیران دا بۆ پاکانە حیسابی یەکجاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە هەموو قوڵو دەستەو تاقمەکانیەوە دروست بووە. ئەو شیعارە راشکاوانەو روونانە کە لە دەمی چینو تویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵو بەتایبەتی خویندکارانو رووناکبیرانو بەگشتی لاوانی تیکۆشەرو نیشتمانپەروەر دەبیسترین، مزگینیی داهاتوویەکی گەشو ئاسۆیەکی روونمان پێدەدەن.

سەرنجیك لە رووداوەکانی تەنیا یەك حەوتووی ئەم دوایییە زۆر شتمان بۆ دەردەخا. قسە روونو بێپەردەکانی دوکتور هاشم ئاغاجەری لەبارەی رەتکردنەوەی بێئەملاو ئەولای دەسەلاتی رووحانیەتەوە شاهیدیکی باشی بیزاریی خەلکی ئیران لەو حکوومەتەن کە بەناهەق بەناوی خواو دینەوە بەسەر خەلك دا سەپیندراوە. ئەگەر لەبەرچاومان بێ کە ئاغاجەری موسولمانیکی بەبیروباوەری شیعە مەزهەبو "تیکۆشەریکی جەبهەدیتوویە"و تەنانەت لاقیکی لەجەبهەکانی شەری دیفاع لەو نیزامە دا لەدەست داوە، ئەودەم تێدەگەین کە کاری ئەم نیزامە گەیوەتە چ جیگایەكو چ پاشەرۆژیکی رەش چاوەروانیەتی.

خۆپیشاندانی پرشکۆی خویندکارانو کۆمەلانی خەلك لە تارانو شارەکانی دیکە بەبۆنەی سییەمین سالوەگەری کارەساتی ١٨ی پووشپەری زانستگەی تارانەوە نموونەیەکی دیکەو شاهیدیکی زیندووی دیکە لەسەر بریاری لیبراوانەی خەلکی ئیرانە. هەموومان دەزانین کە لە دوو مانگ لەمەوبەرەوە کاربەدەستانی ریژیم لە تارانو هەموو شارە گەورەکانی ولات دا بە بیانووی جۆراوجۆر کەوتبوونە گرتنو سەرکوتی لاوەکانو لە بەرەبەری ١٨ی پووشپەریش دا هەموو قۆلەکانی ریژیم یەکدەنگ هەرچەشنە خۆپیشاندانو کۆبوونەوەیەکیان قەدەغە کرد. کەچی دیتمان بەدەیانو سەدان هەزار کەس رژانە شەقامەکانو شیعاری بژی ئازادیو بمرێ زۆرداریيان بەگویی کاربەدەستان گەیاند.

دواترینو بەرچاوترین رووداو کشانەوەی ئایەتوللا سەیدجەلالەددین تاهیری ئیمام جومعەی ئیسفەهان لە پۆستی ئیمام جومعەییو ئەو نامە راشکاوانەو بێ پەردەیە بوو کە بلاوی کردەوە. ئەوە ئیدی حیزبو ریکخراوەکانی بەقسەی کاربەدەستان "دژی شۆرش" نین کە ئەو قسانە دەکەن. ئەمە ریبەریکی پایەبەرزی مەزهەبیو یەکیك لە بنیاتنەرانی کۆماری ئیسلامیو یەکیك لە هەلبژاردەکانی ئایەتوللا خومەینیو لە هەموان زیاتر یەکیك لە شەخسییەتەکانی جیگای حورمەتی بەمیلیۆن موسولمانی شیعە مەزهەبە کە لەو حکوومەتەی بەناوی دینەوە دەکرێ بیزار بووەو شەرم لەو کارانە دەکا کە بەناوی حکوومەتی "اللە"وە دەکرین.

کەوایە ولاتەکەمان لە دەروازەی ئالوگۆریکی بنەرەتی دایە. ئەم واقعییەتە ئەرکی تازە دەخاتە سەرشانی هەموو ئازادیخوازانی ئیرانو یەك لەوان تیکۆشەرانی دیموکرات. با بە ئیرادەیەکی پتەو و ئومید بە دوارۆژەوە بەرەوپیلی رووداوەکان بچینو خۆمان بۆ بەجیگەیاندنی ئەرکەکانمان لە هەموو باریکەوە ئامادە بکەین. با حیزبەکەمان دیسان نوختەی هومیدی خەلکی کوردستانو هەموو ئازادیخوازانی ئیران بێ.

لە سیزدەهەمین سالوەگەری شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمرو سیهەمین سالوەگەری کۆچی دوایی کاك سەلام عەزیزیدا سلاو لە گیانی پاکی ئەو دوو ریبەرە لەدەستچووەو هەموو شەهیدانی ریگای رزگاریی گەلەکەمان دەکەینو بەلین بێ هەروەك دوکتوری شەهید دەیگوت "باشترین پاداش بۆ شەهیدان دریژەدانی ریگایانە" دریژەدەری ریگایان بینو تا گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن ئالاکەیان هەڵنەپەسیرین.

**سلاو لە ئازادی**

**نەمان بۆ سەرەرۆیی**

**سلاو لە چینو تویژە خەباتگیرەکانی خەلکی ئیران**

**سلاو لە خەلکی تیکۆشەری کوردستان و سلاو لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

**شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن.**

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی

# حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران

## بە بۆنەی ١٨ی پووشپەر سیهەمین سالرۆژی

## هیرش بۆ سەر کوی زانستگە

**هاونیشتمانانی بەڕیز!**
**لاوانی بەهەست و خویندکارانی خەباتگیر!**
**خەلکی قارەمان و خۆراگری کوردستان!**

ئیستا لە بەرەبەرەی سیهەمین سالوەگەری کارەساتی خویناویی ١٨ی پووشپەر داین. ڕووداویکی دلتەزین کە دوای تیپەڕینی ٣ سال، هیشتا زامەکانی لە سەر جەستەی کۆمەلگای خویندکاری و خەلکی ولاتەکەمان ساریژ نەبوونەتەوەو وەك پەلەیەکی ڕەشی هەتاهەتایی بە نیوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە ماوەتەوە. لە ١٨ی پووشپەری ١٣٧٨دا، هیزە دژی گەلییەکانی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیه لە پیلانیکی پیشتر ئامادە کراودا هاوکات لەگەل سەرکوتی خۆپیشاندانی هیمنانەو ئاشتیخوازانەی خویندکارانی زانستگەی تاران لە تاریکیی شەودا هیرشیان کردە سەر کوویی زانستگەو تا لیواری مەرگ، لە خویندکارانیاندا و دایان پلۆساندن و تەنانەت ژمارەیەك لە خویندکارانیان لە چەند نهۆمییەوە فڕێ دایە خوارەوە. ئەوان سەرەڕای لەنیو بردنی شتومەکی خویندکاران، بە کەلك وەرگرتن لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی سەرکوت بە تایبەت چەکی گەرم، چەندین کاتژمیرو لە چەند قۆناغ دا دریژەیان بە پەلامارو زەبرو زەنگی خۆیاندا کە لە ئاکام دا یەك نەفەر شەهیدو دەیان خویندکاری بێتاوان بریندار بوون. بە دوای ئەم کارەساتە بەژانە داو پاش بەزاندنی سنووری پیرۆزی زانستگە، سەرجەم خویندکارانی زانستگەکانی تاران ڕاپەڕین و هاواری مەرگ و نەمان بۆ سەرەڕۆیی و مەرگ بۆ دیکتاتۆرییان بەرز کردەوە. خویندکارانی زانستگەکانی دیکەی ئیرانیش بە نیشانەی پشتیوانیی و دەربرینی هاوسۆزی لەگەل ئەم خویندکارانەدا، چەند ڕاپەڕینی پانوبەرینیان وەرێ خستن، کە گرینگترینیان ڕاپەڕینی خویندکارانی زانستگەی تەوریز بوو. چەند ڕۆژ پاشترو بەدوای دریژەکیشانی خۆپیشاندانی خویندکاراندا، کۆمەلانی خەلکیش لە تەك خویندکاران دا هاودەنگ بوون و ڕاپەڕینی بەربلاوی خەلك زۆر لە ناوچەکانی ئیرانی گرتەوە. دریژەی ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانەو هاوکات بوونی لەگەل دەیەمین سالوەگەری تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا بووە هۆی ئەوە کە شەپۆل گەلیکی بەربلاوترو بە تەوژمتر ناوچەکانی کوردستانیش بگریتەوە.

بەرپرسانی ڕیژیم کە بیریان لە کاردانەوەیەکی وەها نەکردبۆوە، وەخۆ کەوتن و هەولیاندا مۆرە بە کریگیراوەکانی خۆیان بخزیننە نیو ڕیزی خویندکاران و خۆپیشاندەران و لەو ڕیگایەوە تووڕەیی و بیزاریی خەلکی وەزالە هاتوو کۆنتڕۆل بکەن. خامنەیی ڕیبەری ڕیژیم بە ڕوخساریکەوە کە ترس و شلەژانی لێدەباری هاتەسەر تەلەفزیۆن و بە گریان و کروزانەوە هەولیدا خەلك و خویندکاران هیور بکاتەوەو فریویان بدا. بەلام ناوبراو هەر بەیانیی ئەو ڕۆژە داوای لە ڕۆلە بەسیجییەکان کرد کە "ئاژاوە گیران و یاخی بووان" سەرکوت بکەن! خاتەمییش کە هەولی دەدا ژیستیکی ڕووناکبیرانە بەخۆیەوە بگرێ، بە بەلینیی بێ نیوەڕۆکەکانی قسەی لە بەدواداچوون و دادگایی کردنی تاوانباران دەکرد کە هیچ کات تەنیا بەلینییەکانی خۆی نەبردە سەر. تاوانبارە دەستگیر کراوەکان نەك هەر سزا نەدران، بەلکوو بە بێ تاوانیش ناسران. بەلام لە بەرانبەردا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕیگا بۆ سەرکوتی هەرچی زیاتری خویندکاران و دەسگیر کرانی بەربلاویان خۆش کرا.

**خویندکارانی پیشرەوی سەرانسەری ئیران؛**

زەبریك کە لە کارەساتی پووشپەری ٧٨دا لە کۆمەلگای ڕووناکبیریی ئیران درا، لە میژووی بزووتنەوەی خویندکاریی ئیران دا کەم وینە بوو. سەرکوتکەران تەنانەت لە ڕووداوی ١٦ی سەرماوەزی ٣٢و سەرکوتی "شۆڕشی بەناو فەرهەنگی"ش دا ڕیگایان بە خۆیان نەدابوو کە ئاوا بێشەرمانە، پێ بنینە حەریمی تاکەکەسی و تایبەتیی خویندکاران و دەست بە داپلۆسینی خویندکارە ڕاپەڕیوەکان بکەن. لە ڕاستیدا ئەم پیلانە جۆریك تۆلە ئەستاندنەوەی تاریکی پەرستان بوو لە کردەوە ڕۆشنگەرییەکانی بزووتنەوەی خویندکاریی ئیران. ئەوان لەم سێ سالەی دواییش دا ساتیك دەستیان لە پیلان گیران دژی بزووتنەوەکەتان هەل نەگرتوە. ئەوان بە ئاگاداری لە پیگەی کۆمەلایەتیی خویندکاران لە ڕیگای جۆراوجۆرەوە هەولیان داوە خویندکاران بیدەنگ بکەن و لە مەیدان وەدەریان نین. گرتن و زیندانی کردنی ژمارەیەکی زۆری خویندکاران و سەپاندنی زیندانی دریژخایەن بەسەریان دا، شکاندنی کەسایەتیی هەلسووراوە بەنیوبانگەکانی بزووتنەوەی خویندکاری، بەڕیوەبردنی شانۆی بە ناو ئیعتیراف ـ کە ماهییەتی ئەم کردەوانە لەمیژە بۆ خەلکی ئیران ئاشکرا بووەو تەنانەت هەولدان بۆ لیکهەلوەشاندنی تەنیا ڕیکخراوی یاسایی خویندکاران (دفتر تحکیم وحدت) چەند نموونەیەکن لە هەولەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لاواز کردنی بزووتنەوەی خویندکاری لەم سێ سالەی دوایی دا ـ بەلام ئیوە خویندکارانی بەڕیز لەگەل هەموو ئەم هەولانەدا سەلماندووتانە کە هیچ یەك لەم پیلانانە ناتوانن لە بەرامبەر ئیرادەی پۆلایینی ئیوەدا خۆیان ڕابگرن. ئیوە لە تەواوی ئەم سالانەدا بۆ ساتیکیش دەستتان لە دژایەتی لەگەل ملهوران و پشتیوانی لە هاورێیە بەندکراوەکانتان هەل نەگرتوەو لە هەر هەلودەرفەتیك بۆ دەربرین و بلاو کردنەوەی بیری پیشکەوتووانەی خۆتان کەلکتان وەرگرتوە. ڕیوڕەسمی ١٦ی سەرماوەزی سالی ڕابردوو سەمبول و نیشانەیەکی بەرچاو بوو لە ئیرادەو توانای کەم وینەتان. خاتەمی کە وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی هەولی دەدا لە چیرۆکی میژوویی و ئەدەبیاتی نارروونی خۆی بۆ بە لاڕێ دابردنی هزرو بیری خویندکاران کەلك وەرگرێ لەگەل وەلامی شیاوی ئیوەدا کە "وانەی میژوومان پێ مەلێ، خۆمان میژوو دەزانین" ڕووبەڕوو بۆوە.

ئیستا کە لە سیهەمین سالیادی ١٨ی پووشپەر نزیك دەبینەوە، دلنیاین دووبارە توانای لەبران نەهاتوی خۆتان نیشان دەدەن، و جاریکیتر هاواری "دانشجو میرزمد، دیکتاتور میلرزد" بەگویی خەلکی جیهان دەگەیەنن و ترس و لەرز لە دلی دوژمنانی گەل دا دەچینن و تیشکی هیوا و ئاواتی سەرکەوتن دەبەخشنە چاوانی زیندانیان و تەواوی خەلکی ئیران.

**خەلکی تیکۆشەرو وەزالەهاتوی ئیران**

ئەمسال، ڕۆلە خویندکارەکانی ئیوە لە هەلومەرجیکدا ڕیوڕەسمی سیهەمین سالوەگەری کارەساتی کوی زانستگە بەڕیوە دەبەن کە گەورەترین ترس و نیگەرانیی ڕیژیمی دەسەلاتداری ئیران، پشتیوانیی و هاوسۆزیی ئیوە چین و تویژەکانی خەلکی ئیرانە لەگەل داوا ڕەواکانی خویندکاران. بەکریگیراوانی ڕیژیم ماوەیەکە هەولی ئەوە دەدەن کە بە دروستکردنی کەش و هەوای پر لە ترس و تۆقاندن و بە مانۆری هیزە سەرکوتکەرەکانیان و هەروەها بە دریژەدان بەسەرکوت و گرتنی بێبەلگەو لەخۆرایی لاوان بەر بە هاودەنگیی بەربلاوی خەلك لەگەل خویندکاراندا بگرن. لە لایەکیدیکەوە بەرپرسانی پایەبەرزی ڕیژیم لە بۆنە جیاجیاکاندا ڕاشکاوانە دان بەلەرزۆك بوونی پایەکانی دەسەلاتی خۆیان دا دەنین و ترس و نیگەرانیی خۆیان لەتەشەنە کردنی نارەزایەتی لەنیو چین و تویژە جۆراوجۆرەکانی خەلكدا دەردەبڕن. ماهییەتی قۆلی ناسراو بە ڕیفۆرمخوازیش بۆ تەواوی چین و تویژەکانی خەلك ڕوون بۆتەوە کەواتە ئەوە ئەرکیکی بێ ئەملا و ئەولایە کە هەمووان پشتیوانیی و لایەنگری لە خویندکاران بکەن و بەهەر شیوەیەك کە بۆیان دەست بدا تووڕەیی و بیزاریی خۆیان لە دەسەلاتدارانی ملهوری کۆماری ئیسلامی دەربڕن. بیگومان پشتیوانیی و هاودەنگیتان لەگەل خویندکاران، دەتوانێ کاریگەرییەکی یەکجار مەزنی هەبێ و هەلومەرجی سەرکوت بۆ بەکریگیراوانی ڕیژیم دژوارتر بکا. زۆر بەجێیە لەم پیوەندییەدا کۆڕو کۆمەلە مرۆڤدۆستەکانیش لەسەرانسەری جیهاندا، دەنگی خۆیان بۆ ئازاد کردنی خویندکارە بەندکراوەکان بخەنە پال دەنگی خەلکی بەشەرەف و خویندکارە خەباتگیرەکانی ئیران. هەروەها هەموو بە یەکەوە نە تەنیا بۆ ڕزگاریی خویندکارانی بەندکراو بەلکوو بۆ ڕزگاریی هەموو خەلکی ئیران لەو زیندانە گەورەیەی کە کۆماری ئیسلامی سازی کردوە هاودەنگ و هاو هەنگاو بن.

**ـ سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئیران**

**ـ سلاو لە خویندکارانی بەندکراو و هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی خویندکاری**

**ـ توندو تۆلتر بێ یەکیەتیی هەموو هیزە ئازادیخوازو پیشکەوتووەکان**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**
**١٦ی پووشپەری ١٣٨١**

---

# "لباس شخصی"یەکان!!

سەعاتی ١٠ی بەیانیی و کاتی پشوودان بوو. هەر چوارو پینجمان لە دەوری یەك کۆزیلکەمان بەستبوو. هەر کەسە باسی شتیکی دەکردو بیرەوەرییەکی دەگیرایەوە. باسی دامەزراندن لە وەزارەتی پەروەردەو فیرکردن و بوون بە مامۆستای زمان(ی ئینگلیزی) هاتە گۆڕێ. ع.ز. کە خەلکی خوراسان بوو، پیاویکی یەگجار سەحەتسووك و قسەخۆش و لەبەردلان بوو. "چەپی" نەبوو، بەلام مرۆڤیکی "دمکرات منش"و دوور لە هەموو چەشنە دەمارگرژییەك بوو ـ بە تایبەتی لە باری مەزهەبییەوە. یەکیکمان لیی پرسی: "ئەتۆ کە خەلکی مەشهەدی، چۆنە ئاوا دیمۆکراتیی و لەهەر چەشنە دەمارگرژییەکی مەزهەبی بە دووری؟"

ولامی دایەوەو گوتی: "لەپیشدا با ئەوە بلیم کە مەشهەد هەزاران ئینسانی موسولمانی ڕووناکبیرو ئازادیخوازی تێدایە. بەلام مەسەلەیەکی تایبەتی کە بۆمن ڕوویداو ئالوگۆڕیکی تەواوی بەسەر بیروبڕواو شیوەی هەلسوکەوتمدا هینا، ئەوە بوو کە ئیستا بۆتان دەگیرمەوە."

چاییەکی خواردەوەو، ئاخرین مژی لە سیغارەکەیداو بەم جۆرە دریژەی بە قسەکانیدا:

"دوای وەرگرتنی بڕوانامەی "فوق لیسانس" (ماجیستیر) لە ڕشتەی زمانی ئینگلیزی لە زانستگەی ئاکسفورد، گەڕامەوە ئیرانێ و بێ هیچ گیروگرفتیك وەك مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی ("دبیر") دامەزرام. هیشتا مانگیکی هاوین مابوو. ڕۆژیك باوکم پیی گوتم: " ڕۆلە، بۆ ناچی لە قومێ پرسیاریك بکەی و بزانی ئەو یارمەتییە مانگانەیەی کە بۆ گوتنی دەرسی ئینگلیزی وەری دەگری حەلالە، یان حەرامە"

هەستام چوومە قومێ و یەکسەر بۆ مزگەوتی گەورە. چوومە ژوورێ و، لە لای خوارەوە دانیشتم. دوای نویژی ئیواریێ بوو. سی ـ چل کەسیکی زیاتر لی نەبوو. لە گۆشەی دەستی ڕاستی هۆدەکە ـ کە یەکجار گەورە بوو ـ مەلایەکی جەوان لە پشت میزیك و لە سەر کورسییەك دانیشتبوو و خەریکی نوسینێ بوو. لە گەورەیی و ڕازاوەیی مزگەوتەکەو، لەو فەرشە گرانقیمەتە کاشانانە کە ڕاخرابوون و لە لوستیرە بلوورە ڕەنگاورەنگەکان و زۆر شتی جوانی دیکە سەرم سوورمابوو. هەوای ژوورێ یەکجار فینك و خۆش بوو ـ چەندین ئیرکۆندیشین و پەنکە کاریان دەکرد. ڕاست بە پیچەوانەی دەرێ کە کیسەل دەبرژا!

کابرایەکی گەراوە بەڕیوەبەری کاری نیو مزگەوتەکە بوو. لە گۆشەی دەستە چەپی ئاخری "صحن"ی مزگەوتەکە کە پلیکان و ڕیگای چوونە خوار بۆ ژیر زەمینێ بوو. زۆر زوو بۆم دەرکەوت کە ئایەتوللا بڕووجیردی، کە ئەودەم مەرجەعی تەقلید بوو، لە ژیر زەمینەکەیەوە خەریکی بەڕیوەبردنی کاروباری ئایینی ئەو کەسانەیە کە کاریان پیی دەبێ. کابرای بەڕیوەبەری ژووری مزگەوتێ، هەر بەینابەینیك، ڕووی لە دوو ـ سێ کەس لەوانەی کە دانیشتوون و چاوەڕوانی نۆبە بوون دەکرد کە هەستن و بچنە خزمەت حەزرەتی ئایەتوللا. ئەوانیش هەلدەستان و لە حالیکدا هەر یەکەی تەلیسیك، یان توورەکەیەکی، بەدەستەوە بوو، یەك بەدوای یەکداو بەلە سەرەخۆیی لە پلیکانەکان دەچوونە خوارێ و، دوای دە ـ دوازدە دەقیقان بە دەستی بەتال دەگەڕانەوە. ئەوان کە دەڕۆیشتن نۆبەی دوو ـ سێ کەسی دیکە دەهات و، هی دیکەش هەروا وەژوور دەکەوتن. هیندیکیان یا لەبەر قورس بوونی تەلیسەکە یا بۆ ئەوەی خۆیان نەشکاندبێ، کەسیکیان دەگەل خۆیان هینابوو کە بۆیان هەل گرێ. پیویست بە گوتن ناکا کە ئەو تەلیس و توورەکانە پڕ بوون لە پوول و "سهم امام" بوون.

هاوکات دەگەل ئەو هاتوچۆیانەش، هەر بەینابەینیك دەرکەوانی مزگەوتەکە، سەری دەهینا ژوورێ و بە دەنگی بلیند دەی گوت: "محمدی اومده"(١) (موحەممەد هاتوە). هیندەی پێ نەدەچوو کە دەهاتەوەو دەی گوت"رضایی اومده". بەڕیوەبەری ژووریش لیی دەپرسی: "چه میخاد؟" ("چه میخواهد" = چی دەوێ) دەرکەوانەکەش وەلامی دەداوەو دەیگوت: "معلومه، پول میخاد"! (دیارە پوولی دەوێ).

لە ماوەی دوو سەعات، دووسەعات و نیویك کە لەوێ دانیشتبووم، زیاتر لە چل کەس توورەکە ـ یان تەلیس بەدەست هاتن و ڕۆیشتن و زیاتر لە هەشت ـ نۆ جاریش دەرکەوان دەهات و داوای پوولی دەکرد بۆ "محمدی"و "رضایی"و "محمودی"و "عباسی"و . . .

سەرەنجام، بەڕیوەبەری ژوورێ، کە دەیزانی لە میژە دانیشتووم، لیم هاتە پیش و لیی پرسیم: "ئاغا، ئەتۆ چ کاریکت هەیە؟ موشکیلەت چییە؟

وەلامم داوە گوتم: وەللا پرسیاریکی شەرعیم هەیە.

ـ ئەدی بۆ دەنگت نەکردوە؟ زۆر لەمیژە دانیشتووی!

ـ پەلەیەکم نیە

کابرا چووە لای مەلا جەوانەکەی کە لە پشت میزەکە خەریکی نووسین بوو. دوای چەند چرکەیەك مەلاکە هات بۆلام. سلاوی لی کردم و دەستی گرتم و بردمێ حەوشەی مزگەوتێ. لە ژیردارهەنارەکان و لە سەر نیمکەتیك و لە تەنیشت یەك دانیشتین. پرسی: کاکە، پرسیارەکەت چییە؟

وەزعی خۆم بۆ گیرایەوەو لیم پرسی: داخۆ ئەو پوولەی کە لە ڕیگای دەرس گوتنی زمانی ئینگلیزییەوە وەری دەگرم حەلالە یان حەرامە!

ترشۆکەیەکی هاتێ و چاویکی لی کردم. بە قەولی برا فارسەکانمان: "نگه کردن عاقل اندر سفیه". ئەمجارە هەناسەیەکی هەلکیشاو گوتی:

ـ زۆر بەداخم! پیش ئەوەی وەلامی پرسیارەکەت بدەمەوە، پرسیاریکت لیدەکەم.

گوتم فەرموو!

ـ دەزانی ئەو "محمدی"و "عباسی"و محمودی" کین و چ کارەن؟

ـ ناوەللا

ـ ئەوانەو سەدان کەسی دیکەش لات و چەقۆ کیشن و هەر تاقمەی سەر بە ئاخوندیکن. زۆربەی وەختیان بە قومار ـ بە تایبەتی بە "سی قاب" (سێ جگە) دەگوزەرینن و، هەر کە پوولیان لیبڕا، یەکیك لە "نوچە"کانی خۆیان دەنیرن بۆ ئیرە کە پوولیان بۆ بنیرن. بەلێ ئاغا! بەشی زۆری "سهم امام" خەرجی ئەو لات و چەقۆکیش و هەرچی و پەرچییانە دەکرێ. قۆر بەسەر ئەو میللەتە!

بەلام وەلامی پرسیارەکەت کە ئایا ئەو پوولەی کە لە ڕیگای دەرسی ئینگلیزییەوە وەری دەگری، حەلالە یا نا، زۆر ڕوونە: ئەگەر زمانی عەرەبی، کە زمانی قورئانە، بخوینی بەو مەبەستە کە جاسووسی پیوە بکەی یان هەر چەشنە کەلکیکی خراپی لیوەرگری خویندنی حەرامە. بەلام ئەگەر بۆوینە زمانی ڕووسی بخوینی بۆ خزمەت بە زانست و پیشکەوتن و بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان، کاریکی بەجێیە، دروستەو، هەرپوولیکی کە لەو ڕیگایەوە وەدەستت بکەوێ حەلالەو قسەشی لەسەر نیە."

کاتی پشوودان بەرەو تەواو بوون دەڕۆیشت. هەستاین و هەر کەسە بەرەو دیوی کاری خۆی وەڕێ کەوت.

★★★

نزیك بە ٣٠ سال لەو ڕۆژە ڕادەبرێ کە ع.ز. ئەو شتانەی بۆ باس کردین. ئایا کەس هەیە نەزانێ ئەو "لباس شخصی"یانە کین؟ ئایا ئەوانە ڕاست لە چەشنی ئەو "عباسی"و "محمدی"و "محمودی"و. . . نین کە بەشی زۆری "سهم امام" خەرجی ئەوان دەکرێ و هەمیشەش گۆپالی دەستی ئاخوندەکان بوون؟ بەلام پرسیاریك کە لیرەدا دیتە گۆڕێ ئەوەیە: بۆچی بەوانە دەلین "لباس شخصی"و پێیان نالین لات و چەقۆ کیشەکان؟ لە وەلامدا دەبێ بلیین کە لە ئەدەبیات و زمانی گەلانی هەموو دنیادا وشەیەك هەیە کە پیی دەلین یووفەمیزم (Euphemism)کە بە واتای ناویك یا عینوانیکی جوان یا بە ئەدەبانە لە سەر شتیکی بیزهینەر یان شتیکی شوورەیی دانان کە ناوبردنی ڕاستەوخۆیان کاریکی دوور لە ئەدەب و نەزاکەت بێ. بەلام، ئەگەر بۆ وینە لە زمانی کوردیدا بۆ هیندیك وشەو زاراوەی خراپی لەو چەشنە "نیك واژە" یەك نەبێ، یان هەبێ و بە هەر هۆیەك کەلکی لیوەرنەگرن، لە زاراوەی "بیلامانێ" یا "دوور لە ڕووی تۆ ـ ئیوە"و شتی لەو بابەتە کەلك وەردەگرن. کەوابوو عینوانی "لباس شحصی"یەکان کە بۆ ئەو لات و چەقۆکیشانە دانراوە هەر بە مەبەستی ئەوە بووە کە لە "کراهت"ی ناوەکەیان کەم کەنەوە. خافل لەوە کە هەروەك زۆر شتی بیزهینەریتر کە هەر بە چەند سالان جاریك ناویان لی گۆڕیون و عینوانیکی بە ڕوالەت خۆشتریان بۆ دانـاون، بەلام دوای ماوەیەك بە هۆی پیس بوونی سروشتی ئەو شتانە، یان ئەو کردەوانە، خەلك ناچار بوون ناوی دیکەیان بۆ بدۆزنەوە، عینوانی "لباس شحصی"یش هەر ئەو چارەنووسەی دەبێ. چونکە هەر ئیستا هەر کەسیك توسقالیك تیگەیشتوویی هەبێ زۆرباش دەزانێ کە مەبەست لە "لباس شخصی"یەکان ئەو لات و چەقۆکیش، قالپاغدزو گیرفانبڕو، تەلەکەبگیرو دزو جەردانەیە کە هەر تاقمەی سەر بە یەکیك لەو مەندیل بەسەرە دەسەلاتپەرست و خوینخۆرانەن. لە ماوەی ئەو بیست و چەند سالەی دەسەلاتی ڕەشی ئەو ئاخوندانەدا لە هەر جیگایەك خۆپیشاندانیك لە دژی دامودەزگای کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی لە لایەن خویندکارانی زانستگەکان و ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسان و خەلکی زولم لیکراوو چەوساوەی ولاتەکەمان هاتۆتە گۆڕێ، سەروکەللەی "لباس شخصی"یەکانیش پەیدا بووەو، بە گۆپال و قەمەو چەقۆو زنجیرو پەنجە بۆکسان بەربوونەتە گیانی ئەو خەلکەو هەموو جارێ بە دەیان،و بگرە بەسەدان، کەسیان بریندارو نەقوستان کردوون.

ئیستا کە زۆربەی نزیك بە تەواوی کۆمەلانی تیگەیشتوو ئاگای خەلك بە هەموو چین و تویژەکانەوە، لە سروشتی ڕاستەقینەی ئاخوندەکان و ڕیژیمەکەیان گەیشتوون، دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە ڕق و بیزاریی کۆمەلانی وەزالەهاتووی ولاتەکەمان بتەقیتەوەو تەخت و بەختی ئەو ئەهریمەنانەی خۆیان لە ژیر بەرگی پیرۆزی ڕووحانییەتدا حەشار داوە، تیکەوە پیچن و، خۆیان و ڕیژیمەکەیان توور هەلدەنە ئەو جیگایەی کە فارس گوتەنی: "عرب نی انداخت"!!

"لباس شخصی"یەکانیش ـ بێگومان ـ چارەنووسیکی باشتریان لە "شعبان بی مخ"و دارودەستە هەرچی و پەرچییەکەی نابێ.

**١) لە شاری قوم و ناوچەی دەوروبەری، کەسیك کە بۆ وینە ناوی "عباس" بێ، کاتیك کە باسی بکەن و بلین فلان کەس وای گوت، وای کرد، یان شتی لەم بابەتە، پیتی "ی" بە ناوەکەیەوە دەنووسینن. کەوابوو "محمدی" لە ڕاستیدا "محمد"ە**


# بەڵگەیەکی دیکە بۆ لەقاودانی نیوەرۆکی راستەقینەی ڕژیم

ئایەتوڵڵا تاهیری کە پیشتر وەك نوینەری خومەینیو دواتر وەك نوینەری خامەنەیی لە ئیسفەهان ئەرکی پیشنویژیی و ئیمامەتی جومعەی بەریوە دەبرد لەم ساڵانەی دوایی دا بە هۆی بوونی هیندێ روانگەی جیاواز لە بۆچوونەکانی کاربەدەستانی پایەبەرزی ریژیم زۆر جار دەکەوتە بەر هیرشی دەستەو تاقمەکانی فشارو پیش بە قسەکردنو خوتبەدانو بەریوەبردنی نویژەکانی جومعەی دەگیرا. ناوبراو لەو بارەیەوە زۆر جار دەنگی رەخنەو ئیعترازی خۆی بەرز کردەوەو ئەو دەستەو تاقمە سەرەرۆیانەی بە خیلافی شەرعو بە پیچەوانەی یاسا دادەنا. بەڵام ئەو رەخنەو ئیعترازانە کەسیان بە دەنگەوە نەهاتو ناوبراو هەروا لەژیر فشاری ئەو دەستەو تاقمە ئاژاوەگیرانەی سەر بە قۆڵی توندرەوو تەواوخوازی ریژیم دا مایەوە.

ئایەتوڵڵا تاهیری کە خۆی یەکیك لە زانایانی ئایینیو پایەدانەرانی کۆماری ئیسلامیی ئیرانە، لە چەند ساڵی رابردوودا زۆر جار لە کاروکردەوەکانی ریژیم رەخنەی گرتوەو رەفتاری کاربەدەستانی ریژیمی بە تایبەت ئەوانەی کە لە بەرگی ئاخوند دان داوەتە بەر هیرشو ئەوانی بە دوورکەوتنەوە لە ریبازی ئەسلیی شۆرشی ئیسلامی!! و ئامانجەکانی تاوانبار کردوە.

بوونی بۆچوونی جیاواز لەنیو کاربەدەستانی ئەسلیی ریژیمو زیاتر نوقم بوونی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە فەساد داو توندتر بوونی رەوتی فشارو سەرکوتی خەڵك لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ریژیمەوە بوونە هۆی ئەوە کە رۆژی دووشەممۆ ١٧ی پووشپەر ئایەتوڵڵا تاهیری ئەرکی ئیمامەتی جومعەی ئیسفەهانو نوینەرایەتیی ریبەر لەو شارە وەلا نیو لە نامەیەکی سەر ئاوەڵادا بۆ خەڵکی وڵات پریسکەی دلی بکاتەوەو چەند راستی‌یەك لە پیوەندی لەگەڵ وەزعی وڵاتو کردەوەکانی ریژیم دا بەرەورووی ریبەرانو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە.

ئایەتوڵڵا تاهیری لە نامە سەرئاوەڵاکەی دا هۆی دەست لەکارکیشانەوەی خۆی باس دەکاو قامك لەسەر چەند ئەسلی گرنگ دادەنیو سیمای ریژیمی کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە نیشان دەدا کە "ئیستا بە پیچەوانەی ئەوەی کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆرش دا وەعدەمان بە خەڵك دەدا نە خەڵك بە نەوایەك و نە وڵات بە جیّیەك گەیشتوە. زانایانی دینیو دەسەڵاتداران کە فاسید بن کۆمەلی ئیسلامی بەرەو فەساد دەروا. ئەسلی کۆماری ئیسلامی یانی رەخنەو رەخنەگرتن لە بەرنامەکانی حکوومەتو شۆرش یانی دابین کردنی ویستو داخوازی خەڵك کە بەداخەوە ئەمرۆکە راستی‌یەکان پیچەوانەی ئەوە دەردەخەنو ئازادییش لە بن تیغی سەلاخو لە کوشتارگەدا دەبینن. جا کاتیك وەعدەکانی سەردەمی شۆرش وەبیر دینمەوەو ئەو وەزعە دەبینم وەك داری بی دەلەرزم. من تازە پیر بووم، ئاردی خۆم دابیژتوەو هیلەکی خۆم هەڵاوەسیوە بەڵام ئەوە کە دەبینمو دەبیسم کە ژمارەیەك "ئاقازادە"و "خواپیداوان" (آقازادەهاو از ما بهتران) کە بەشیکیان عەبا لەبەرو



عەمامە بەسەریشن، لە پیشبرکیی کۆکردنەوەی سەروەتو لە ریگای گەیشتن بە ویستەکانی خۆیان دان وەبیرم دیتەوە کە چەند زۆرن ئەو عەباو عەمامانەی کە هەر بۆ سووتاندن باشن. کە دەبینم ئەوانە وڵات بە مولکی خۆیان دەزانن ئارەقەی شەرم دەریژم."

ئایەتوڵڵا تاهیری لە بەشیکی دیکەی قسەکانی دا دەلیّ:

"من کە بەشیکی هەرچەند کەمم لە شۆرشو دریژەی کۆماری ئیسلامی دا هەیە بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە لە رووی غیرەتو دەردەوە بپرسم، چارەی ئەو هەموو ناتەواوی، ناراستی، کەمو کەسری، فەقرو برسیەتی‌یەو خەڵك سووتاندنە چی‌یە؟ لە بەرانبەر ئەو هەمووە لادانو زولمو یاسا شکینی‌یە خۆ گیل کردن تا کەنگیّ؟ ئیستا کە شاو ئەمریکا دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتەکەمان دا نیە تا هەموو عەیبو کەمو کووریو گیروگرفتەکانیان بە ئەستۆ دابینین، بۆچی گویّ نادریتە قسەی دلسۆزانو لە لیهاتوویيو شارەزایی پسپۆران کەڵك وەرناگیریّ؟"

ئایەتوڵڵا تاهیری هەروەها دەلیّ:

"بەلای گەورەی لە دین تەکینەوە، بیکاری، گرانی، کەلینی جەهەننەمیی نیوان فەقیرو دەوڵەمەند مەودای قوولی چینایەتی، دابەزینی داهاتی نەتەوەیی، ئابووریی نەخۆش، فەسادی ئیداری، لاوازیی بەرچاوی بەریوەبەری و ناتەواویی پیکهاتەی سیاسیی وڵات، دزیو ریشوەخۆری، ئیعتیادو هەوڵ نەدان بۆ چارەسەری ئەم مەسەلانە وەزعیکی دلتەزینی وایان لیّکەوتۆتەوە کە وەك سیلاویك لە پشت ئاوبەندیك پەنداوی خواردۆتەوەو هاکا مانی وڵاتو ژیانی میللەتی لە مەترسی هاویشت. خۆ هەلکیشانو بە خۆهەلگوتن، قسەی زل کردن، ریاو دووروویيو حورمەتو کەسایەتیی خەڵك شکاندنو پاکانە حیسابی شەخسیو سیاسی لەگەڵ خەڵك کردن، ئاو لە شیر کردن، دڵ بە قسەی سواو خۆش کردنو لە کۆمەلە خەلکی خیابانی سان دیتن تا ئیستا نەیان توانیوە لەو هەمووە گیروگرفتو ناتەواویانە کەم کەنەوە، ئاویك بە گەرووی تینوویەك دا بکەنو نانیك بخەنە بەردەمی برسی‌یەك. ریز دانەنان بۆ یاساو بوونی داو دەزگای نامەدەنیو نابەرپرس، باندەکانی مافیاییو بیّدەسەڵاتیی مەجلیس، بوونی دەسەڵاتی موتلەقەو بیّسنوورو غەیرەوەڵامدەر، سیاسەتی دەرەوەی ناسەرکەوتوو، بونیادە ئاشکراو نهینی‌یەکانی غەیرەئابووریو بازرگانیو ئیسکلە (لەنگەرگە)ی غەیرە دەوڵەتی، هەڵاتنی میشکەکانو گرتنو بەند کردنی بیّ سەرەوبەرە، سەربرینی چاپەمەنیو زیندانی کرانی رۆژنامەنووسانو چاوەدیریی ناجایزو ناماقوولی ئیستیسوابیو دادگای ناماقوولی رووحانییەتو لەکارخستنی دەوڵەتو پیکهاتەی خراپی شوورای مەسلەحەتو خەڵك بە هیند نەگرتن، ئاکامی ئەوەندە خراپی لیّدەکەویتەوە کە من لە ترسانی پەنا بۆ خودا دەبەم."

لە پیوەندی لەگەڵ تاقمیك دەسەڵاتدارو دەستەو تاقمی فشاردا ئایەتوڵڵا تاهیری لە نامەکەی‌دا دەنووسیّ:

"ئەوان سواری ئەسپی تۆر بوونو لە مەیدانی سیاسەت دا تاوی دەدەن و بە پەیژەی باوەرەکانی خەڵك دا دەچنە سەر، بە دەوری ئاشی سەرۆکایەتی‌دا دەسوورینو لە پردی دین تیّدەپەرن تا دەستیان بە دونیا رابگا. بەداخەوەش هاندەرو پاڵپیوەنەری تاقمیك گۆپاڵ بەدەستو کفن پۆشن تا ددانی حەزیای خشوونەت تیژتر بکەنو دەیانەویّ پیری توندخوو و عیفریتەی دزیوی توندوتیژی لە دین مارە بکەن. یانی کەسانی خراپو فاشیستی ئەوتۆ کە تیکەڵاویکن لە شیتیو نەزانیو سەریان بە ناوەندی هەرە ئەسلیی دەسەڵاتەوە بەندە. ئەوانە پەت پساویکن کە نە حیسابیك بۆ یاسا دەکەنو نە لە هیچ هیزیك دەپرینگینەوە. هەم فەقیە، هەم فەیلەسووف، هەم دارۆغە، هەم حاکم، هەم موفتیو هەم قازیین! ئەو کەللە ویشکانەن کە وەحشەتو ترس دەخولقینو بە دلرەقی و سووکایەتی کردن جینایەتی "کوی دانشگاه"یان خولقاند."

ئایەتوڵڵا تاهیری کە لە نامەکەی دا زۆر مەسەلەی دیکەش ئاماژە پیّدەکا، لە کۆتایی‌یەکەی دا دەست لەکارکیشانەوەی خۆی رادەگەیەنیّ.

لە پیوەندی لەگەڵ دەست لەکار کیشانەوەی ئایەتوڵڵا تاهیریدا نوینەرانی ئیسفەهان لە مەجلیس ویرای دەربرینی داخی خۆیان لە دەست لەکارکیشانەوەی ناوبراو، ویرای ١١٠ نوینەری دیکەی مەجلیس پشتیوانیی خۆیان لە ئایەتوڵڵا تاهیری دەربریو پیّیان لەسەر ئەو راستی‌یانە داگرتەوە کە ناوبراو لە نامەکەی دا ئاماژەی پیّکردبوون.

ئەو راستی‌یانەی کە ئایەتوڵڵا تاهیری لە نامەکەی‌دا قامکی لەسەر دانابوون بۆ خەلکی وڵاتەکەمان ئەوەندە ئاشکراو روونن و بە جۆریك لە ژیانی رۆژانەی خۆیان دا دەیان بینینو هەستی‌یان پیّدەکەن کە رەنگە تازەیی‌یان نەبیّ، بەڵام دان پیدانانو دەربرینیان لە لایەن کەسیکی وەك ئایەتوڵڵا تاهیری بیّگومان بۆ خەڵك جیگای خۆشحالی‌یە.

هەروەك بە پیچەوانە کاربەدەستانی ریژیمی تووڕەو نارەحەت کردو هەوڵی بڵاونەبوونەوەو باس نەکردن لە نیوەرۆکی نامەکەیان دا. بەڵام هەروەك دیترا ئەم نامەیە کە لە راستی‌دا رەنج نامەی ئایەتوڵڵا تاهیری و بەیانی بەشیك لە دەردەکانی خەڵكو وەزعی وڵاتو رەفتاری ریژیمە، بڵاو بۆوەو بیرورای گشتیی لیّئاگادار بوو.


❀❀❀

# سەرنجێك لە وەڵام نامەی خامنەیی بۆ ئایەتوڵڵا تاهیری

بڵاوبوونەوەی نامەی سەر ئاوەڵای ئایەتوڵڵا تاهیری کە لەودا بە شیوەیەکی کەم وینە ئاکارو رەفتاری ریژیمو وەزعی نالەباری وڵات لە قاو درابوو ریبەرانی ئەسلیی ریژیمی لەگەڵ نیگەرانی بەرەوروو کرد. ئەوان تیّکۆشان تا بە هەر شیوەیەك بیّ لە شیوانی زیاتری وەزعەکەو شوین دانانی نیوەرۆکی ئەم نامەیە لەسەر خەڵك کەم بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە دەبیرخانەی شوورای بەرزی ئەمنییەتی میللی لە راگەیاندراویکدا، چاپو بڵاوکردنەوەو هەر جۆرە لیدوانیکی بە قازانج یان بە دژی ئایەتوڵڵا تاهیریو نامە سەرئاوەڵاکەی قەدەغە کرد بۆ ئەوەی لە ئاکامی پشتیوانی کردنی لایەنیكو دژایەتیی کردنی لایەنیکی دیکەدا ئالۆزیو پشیوی روونەداو وەزعەکە بەرەو خراپی زیاتر نەبا، بەتایبەت کە نوینەرانی ئیسفەهان لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیو سەرجەم ١١٠ کەس لە نوینەرانی مەجلیس پشتیوانیی خۆیان لە تاهیریو نیوەرۆکی نامەکەی دەربریبوو.

بۆ دلنیایی زیاترو بۆ هیور کردنەوەی وەزعەکە، شەخسی خامنەییش لەگەڵ ئەوەی کە نامەی تاهیری بۆ ناوبراو نەنووسرابوو بە پەلەو بە دریژی رۆژی ٢٠ی پووشپەر وەڵام نامەیەکی بۆ تاهیری نارد کە ئەم وەڵام نامەیە لەجیّدا جیگای سرنجە.

لە پیشداو لە سەرەتای نامەی خامنەیی بۆ ئایەتوڵڵا تاهیری‌دا، ئەوەی سەرنج راکیشە دان پیدانانی ریبەر بە بوونی فەقرو فەسادو جیاوازی دانانو بە حەق زانینی ئەو مەسەلانەیە کە تاهیری لە نامەکەی‌دا ئاماژەی پیّکردن. بەڵام ریبەری ریژیم هەر لەو وەڵام نامەیەدا هەوڵ دەدا تاوانی ئەو وەزعە لە ئەستۆی خۆی دارنیّو بەمل ئەو کەسانەی‌دا بکا کە گویا رینوینیو راسپاردەکانی ناوبراویان بۆ لەنیوبردنی ئەم گیروگرفتانە لەبەرچاو نەگرتوە. لەو پیوەندی‌یەدا پرسیار ئەوەیە کە چۆنە راسپاردەو فەرمانەکانی ریبەر لە پیوەندی لەگەڵ سەرکوتی خەڵكو ئازادیخوازانو گرتنو زیندانی کردنی لاوەکانو فشار خستنە سەر خەڵکدا وا بە زوویيو بیّ فەوتانی وەخت بەریوە دەچن، بەڵام رینوینیو راسپاردەکانی بۆ لەنیوبردنی ئەو کەموکووریو چارەسەری



ئەو گیروگرفتانە وا بە هاسانیو بۆ ماوەیەکی ئاوا دوورو دریژ دەخرینە پشت گویّ؟ بۆچی ئەو مەسەلانە ئەوەندە چووكو کەم بایەخنو ئاکامەکانیان هیندە بیّزیانو زەرەرن کە لیپرسینەوەی ریبەری پیویست نەبیّ یان وەختی پرقیمەتی پیّنەگیریّ. بۆ مەگەر لە کۆماری ئیسلامیی ئیراندا بیجگە لە ریبەر کەسیك یان دامودەزگایەك هەیە کە دەسەڵاتی جیّبەجیّ کردنو بەریوەبردنی کاروباری وڵاتی بە جۆریك هەبیّ کە بتوانیّ لە پیوەندی لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەدا بریار بدا؟ بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئیراندا لەمیژە ئەو بیرۆکەیە بڵاوکراوەتەوەو براوەتە نیو خەڵك کە ریبەر خاوەن دەسەڵاتی تەواوو ئیختیاری تامەو لە بەرامبەر هیچ کەسیش‌دا وەڵامدەر نیە.

لە بەشیکی دیکەی وەڵام نامەی خامنەیی‌دا، بە شیوەیەکی نەرم باس لە یەکیەتیو یەکدەنگیی هەموو بەرپرسانو کەسایەتی‌یەکان کراوەو لەو بارەوە خامنەیی بە جۆریك مەوقعییەتی خۆی تەنانەت لە ئیسفەهان خستۆتە بەرچاوی تاهیریو دەلیّ: "نموونەیەك لە حزووری پرحەماسەی خەڵكو راگەیاندنی پشتیوانی لە ئینقلابت بە چاوی خۆت لە سەفەری چەند مانگ لەوەپیشی من بۆ ئیسفەهاندا دیتو پاشانیش ئەو هەمووە حەشیمەتەت چاو پیّکەوت کە لە مەیدانی ئیمامو شەقامەکانی دەوروبەری کۆببوونەوە، بە جۆریك کە بۆخۆت پیت کوتم لە سەرەتای شۆرشەوە حەشیمەتیکی وا زۆرو بە هەستت نەدیوە". دیارە خامنەیی بۆخۆشی باش دەزانیّ کە ئەم خەڵکە لە کویّراو چۆن بۆ ئامادە بوون لەو شوینانەی ناوی بردوون، کۆکرابوونەوە.

ئەگەر بەراستی ئەو خەلکەو ئەو حەشیمەتەی کە باسی لیّدەکا هەموویان پشتیوانی شۆرشو ریبەرایەتیی ناوبراون، چ نیگەرانی‌یەکی لە بەریوەچوونی ریفراندۆمو ریگادان بە هەلبژاردنو ئازادیی بەیانو بیرورا دەربرین هەیە؟ تۆ بلیی ئەو خەلکە هەموو حەز لە فەساد، ئیعتیاد، دزی، بەرتیل خۆری، جیاوازی دانانو هەموو ئەو گیروگرفتانە بکەن کە ئایەتوڵڵا تاهیری لە نامەکەی‌دا ئاماژەی پیّکردوونو خەڵك بۆخۆشیان رۆژانە هەستیان پیّدەکەنو هەمووشی بە ئاکامی دەسەڵاتی ریژیمی کۆماری ئیسلامیو ریبەرایەتیی ئەو دەزانن؟ ئایا ئەو خەلکە بۆیە کۆبببوونەوە تا شوکرانە بژیری ئەو نیعمەتو خۆشی‌یانە بن؟!

خامنەیی لە وەڵام نامەکەی‌دا وا دەنوینیّ کە گومانی هەیە لەوەی کە ئەو نامەیە لە لایەن تاهیری‌یەوە نووسرابیّ. بەڵام وەڵام ناردنەوە بۆ شەخسی تاهیری نیشان دەدا کە لە بنەرەترا گومانی نەبووەو ریاکارانە ویستوویە وانیشان بدا. هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە ئایەتوڵڵا تاهیری هۆی دەست لەکار کیشانەوەی خۆی بە روونی باس دەکاو بە قەولی خۆی دەردنامەو رەنج نامەکەی خۆی دەربری هۆی دەست لەکار کیشانەوەکەیەتی، خامنەیی لە وەڵام نامەکەی‌دا هەولی داوە کە وا نیشان بدا کە ناوبراو لەبەر نەخۆشیو ناساغی دەستی لەکار کیشاوەتەوە هەروەك پیشتریش زۆر جار لەبەر نەخۆشی نەیتوانیوە لە نویژەکانی جومعەدا ئامادە بیّ.

بە گشتی وەڵام نامەی خامنەیی بۆ ئایەتوڵڵا تاهیری بە جۆریك بوو کە هەم نەرمو دۆستانە بیّو هەم لە مەترسی‌یەکانی ئەم جۆرە لەقاودانانە ئاگاداری بکاتەوەو هەم ریگای بۆ دوارۆژو مانەوەی تاهیری هیشتبیتەوە. بەڵام وەڵام نامەکە بەوە ویك هاتوەو کۆتایی پیّ هینراوە کە "والسلام علی جمیع عبانا الصالحین". لەم رستەیەدا خامنەیی سڵاو دەنیریّ بۆ هەموو عەبدە سالحەکانی. یانی ئەگەر تا ئیستا ناوبراو وەلیی فەقیه و ریبەرو . . . بوو، ئیستا خاوەن عەبدەو بیّگومان عەبدیش بیجگە لە ئیتاعەتو بەریوەبردنی ئەمری خاوەن عەبد ئەرکیکی دیکەی نیە.

## قسەکانی ئەم دوایانەی بوشو چەند سەرنجێك

رادەربرینی ئەم دوایانەی جورج دەبلیو بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە پیوەندی لەگەڵ ئیرانو کۆماری ئیسلامی ئیراندا باسو هەلویست گرتنی جۆراوجۆری بە دواوە بووە. ئەگەر روانگەی دژایەتیی لە بران نەهاتووی ریبەرانی ریژیم لە پیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا وەلا بنیینو واقیعبینانە سەیری نیوەرۆکی راگەیەندراوەکە بکەین دەبینین کە هیندیّ نەرمیو گۆرانی بە نیسبەت بۆچوونی پیشووی ناوبراو سەبارەت بە ئیرانو کۆماری ئیسلامی ئیران کە بە تەوەری شەری ناو برد بوون تیّدا بەدی دەکریّ، بەڵام ئەوەی کە تا ئیستاش سەرۆك کۆماری ئەمریکاو سیاسەت دانەرانی ئەم وڵاتە پیوەی خەریکنو لە راگەیەندراوی ئەم دوایانەی بووشیش‌دا ئاماژەی پیّ کرا جیاوازی دانان لە نیوان دوو قۆلی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دایە، لە حالیکدا ئەو ریژیمە لە تەواوەتی خۆی‌دا ئالوگۆر هەلنەگرەو لە هیندیّ مەسەلەی تایبەتی‌دا جیاوازی‌یەك لە نیوان ئەم دوو قۆلەدا نیە. قسەکانی خاتەمی کە لە سەرووی قۆلی ناسراو بە ئیسلاحتەلەب دایەو لە وەڵامی قسەکانی بووش‌دا کردنی، دەریان خست کە ئەو قسەو هەلویستانە هەر ئەو باسو لیدوانانەن کە قۆلی تەواوخوازو موحافیزەکاریش دەیکەنو دەیلینەوە. پشتیوانی کردن لە ئازادیو دیموکراسی لە ئیران خەلکی ئیران بە شیاوی هەبوونی ئەو تایبەتمەندی‌یانەی دونیای ئەمرۆ زانین وەك لە قسەکانی بووش‌دا ئاماژەیان پیّ کراوە، ئەگەر لە جیّدا باشو جیگای پیشوازی لیکردنن، باشترە ئەوەشی لە پەنابیّ کە ئەمانە بە پشتیوانی کردن لە قۆلیکی نیو دەسەڵاتدارەتیی ریژیم نایەنە دیو دیموکراسیو ئازادی بەم جۆرە کە ئاغای بووشو دونیای سەردەم لیی دەدوینو تیّدەگەن لەگەڵ بیروباوەری هیچ کام لە قۆلەکانی نیو دەسەڵاتدارەتیی ریژیمی کۆماری ئیسلامیو ویلایەت فەقیهدا یەك ناگرنەوە.

# هەواڵەکانی ئێران و جیهان

### پەسندکردنی قانوونی نویی زەماوەند لە ئێراندا

ڕۆژی ٢ی پووشپەر، مەجلیسی شوورای ئیسلامی قانوونیکی پەسەن کرد کە بەپیی ئەو قانوونە لانی کەمی تەمەنی میردکردنی کچان ١٣ ساڵو ژنهینانی بۆ کوران ١٥ ساڵ دیاری کرا. پیویستە بگوترێ پیشتر هەر لە ئیرانی ژیر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا قانوونیك لەم بارەوە پەسند کرا بوو کە بە پیی ئەو قانوونە تەمەنی زەماوەندکردن بۆ کچان ٩ ساڵو بۆ کوران ١٤ ساڵ بوو کە ویدەچێ ڕیژیم لە ژیر گوشاری بیروڕای گشتیی دەرەوەو ناوەوە ناچار بە پەسندکردنی ئەم بەناو قانوونە نوێیە بووبێ.

### دانانی فیلتیریکی دیکە بۆ پەسندکراوەکانی مەجلیس

ڕۆژی ٤ی پووشپەر، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە بڕیاریکدا، شوورای نیگابانی ناچار کرد کە بۆ تەئیید یان ڕەتکردنەوەی پەسندکراوەکانی مەجلیس، سیاسەتە پەسندکراوەکانی کۆڕی ناوبراو لەبەرچاو بگرێ، تا بەم شیوەیە لە دریژەی پرۆژەی بە چۆکدا هینانی چاکخوازەکاندا، بتوانن ئاخرین سەنگەری ئەوان واتە مەجلیسیش بەرەو تەریك خستنەوە یان هەرەسهینان بەرن و لە ئەنجامدا یاساییکردنی هەرچی زیاتری ملهوریو سەرەڕۆیی وەلیی فەقیه مسۆگەر بکەن. چاوەدیرانی سیاسی داسەپاندنی ئەو ویستەی کۆڕی ناوبراو کە لە ئەساسدا ویستو داخوازی ڕیبەری ڕیژیمیشە، وەك بە قانوون دانانو دەرچوون لە چوارچیوەی ئەرکە دیاریکراوەکانی کۆڕ دادەنین.

### لە ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی ئەشکەنجەدا، وەلانانی ئەشکەنجە ڕەت کرایەوە

ڕۆژی ٥ی پووشپەر کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی ئەشکەنجە، شوورای نیگابان دژایەتی خۆی لەگەڵ گەڵاڵەی ئیجرایی قانوونی وەلانانی ئەشکەنجە ڕاگەیاند. گەڵاڵەی وەلانانی ئەشکەنجە ماوەیەکە لە لایەن مەجلیسەوە ئامادە کراوەو بۆ پەسندکردنو سانسۆری کۆتایی بۆ شوورای نیگابان نیردرابوو! کە لەگەڵ ڤیتۆی ئەم ئۆرگانەدا بەرەوروو بوو. چونکە لە ئیرانی ژیر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە ئەشکەنجە نیهادینە کراوەو ئەم کردەوە دژی ئینسانییە شکلی قانوونی پێ دراوەو بەگشتی لەگەڵ پیکهاتەی نیزامی ئاخوندیدا ئاویتە بووە، ویدەچێ تەنانەت بە پەسندکرانی ئەم گەڵاڵەیەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەمەڕ پرۆسەی ئەشکەنجەو ئەزییەتو ئازاری زیندانییان نەبێ. کاتیك لە قانوونی ئەساسیدا بەراشکاویو بێمەرج باس لەوە کراوە کە هەر جۆرە ئەشکەنجەیەك قەدەغەیە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم ڕەفتارەی شوورای نیگابان لەگەڵ خودی قانوونی ئەساسیی ڕیژیمیشدا لە دژایەتیو ناکۆکیدایە! تەنانەت لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەواری ئەشکەنجەی تاوانبارانی قەتلە زنجیرەییەکانیشدا، بەرپرسانی ڕیژیم لە جیاتی ئەوەی کە سزای ئەشکەنجەدەران بدەنو لە بوونی ئەشکەنجە لە نیو زیندانەکاندا بکۆڵنەوە، زیاتر بە شوین ئەوەوە بوون کە کێ ئەو نەوارەی ناردۆتە دەرەوەی وڵاتو ئەو نهینییانەی درکاندون؟

### کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی ساڵانەی گرووپی $G_8$ لە کانادا

کۆبوونەوەی ساڵانەی سەرۆکی حەوت وڵاتی گەورەی سەنعەتیو ڕووسیە کە لە ڕۆژانی ٥و ٦ی پووشپەر لە کانادا بەڕیوە چوو، بە بڵاوکردنەوەی بڕیارنامەیەکی دوو لاپەڕەیی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هینا. ئەو بڕیارە گرینگانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەمسالی گرووپی ناوبراودا دران بریتیتن لە: دەست پیکردنی بەرنامەیەك بەمەبەستی پیشگیری لە پەرەسەندنی چەکە کۆکوژەکان، هەڵگرتنی هەنگاوگەلیك بەمەبەستی دابینکردنی ئەمنییەتی هەرچی زیاتری هیلی ئاسمانیو دەریاییو باشترکردنی چۆنایەتی (کیفیت)ی بەلگەکانی هاتوچۆ، دانانی بەرنامەیەك بۆ پەرەسەندنی ئابووریی قارەی ئافریقا، لیکدانەوەی قەیرانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستو... هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا، سیاسەتی جۆرج بووش لەمەڕ وەلانانی یاسر عەرەفات ڕیبەری فەلەستینییەکان لەگەڵ پیشوازییەکی ئەوتۆی ڕیبەرانی دیکەی وڵاتانی سەنعەتی بەرەوروو نەبوو و بەتایبەتی لە لایەن سەرکۆماری فەرانسەو سەرۆك وەزیری کاناداوە ڕەت کرایەوە.

### ئیران لە بەڕیوەبردنی سزای ئیعدامدا لە ئاستی جیهاندا لە پلەی دووهەمدایە

ڕۆژی ٨ی پووشپەر ڕیکخراوی جیهانیی خەبات بۆ وەلانانی سزای ئیعدام کە ناوەندەکەی لە ڕۆم پیتەختی ئیتالیایە، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لە "سنا"ی ئەم وڵاتەدا پیشکەش کرد. لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە لە ساڵی ٢٠٠١دا ٤٦٩٣ کەس لە ٣٤ وڵاتی جیهاندا ئیعدام کراون. چینو ئیران بە ٣٥٠٠و ١٩٨ ئیعدام لە سەرەوەی لیستی ئەو وڵاتانەدان کە تا ئیستاش ئەم سزایەیان لە نیزامی قەزایی خۆیان وەلا نەناوە. ئیران لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەم بوارەدا لە پلەی چوارەمدا بوو. لە کۆی ئەو ٤٦٩٣ کەسەی کە ئیعدام کراون، ٤٤٤٥ کەس لە ئاسیا، ١٦١ کەس لە ئەفریقا، ٦٦ کەس لە ئەمریکاو ٢١ کەس لە ئورووپا بوون. ئیستاش لە سەرانسەری جیهاندا لە ٦١ وڵاتدا حوکمی ئیعدام بەڕیوە دەچێو ٧٧ وڵاتیش سزای ئیعدامیان لە سیستمی قەزایی خۆیاندا بەتەواوی لابردوە. "سیر جویلیا" یەکیك لە مافناسە لەمیژینەکانی ئیتالیا دەڵێ: "٩٨٪ی ئیعدامەکان لە وڵاتانیك بەڕیوە دەچن کە لەوێدا حکوومەتگەلیکی غەیرە دیموکراتیك دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. لەم وڵاتانەدا نەتەنیا بایەخ بە گیانی ئینسان نادرێ، بەڵکوو لە بنەڕەتدا مافە سیاسیو مەزهەبیو تەنانەت ئینسانییەکانیش بۆ هاووڵاتییان لەبەرچاو ناگیرێ".

### ئیران یەکیك لەو وڵاتانەیە کە ئەمنییەتی هەواڵنیران دابین ناکا

ڕۆژی ٨ی پووشپەر، ڕیکخراوی هەواڵنیرانی بێسنوور، لە ڕاپۆرتیکدا ناوی ٢١ وڵاتی بڵاو کردۆتەوە کە لەوان دا هەواڵنیران بۆ بەڕیوە بردنی ئەرکی زانیاری گەیاندن، پاریزراوی (مصونیت)یکی ئەوتۆیان نیەو ڕایگەیاند کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠٠ ڕۆژنامەنووس کوژراون، ون بوونو یائەشکەنجە کراون. ئەم ڕیکخراوە بۆ ئەوەی کۆتایی بە پاریزراویی بەڕیوەبەرانی قەتڵو ئازاری ڕۆژنامەنووسەکان بینێ، تۆڕیکی زانیاری گەیاندنی بەناوی "داموکلس" پیك هیناوە. پیویستە بگوترێ ئیرانیش یەکیکە لەو ٢١ وڵاتە، کە تائیستا بە دەیان ڕۆژنامەنووسی تێدا کوژراون یا لە زیندانەکاندا ئەشکەنجەو ئازار دراونو لەم ماوەیەی دواییشدا ژمارەیەکی زۆریان لە ڕۆژنامەنووسان بەمەبەستی لیپرسینەوە بۆ ئیدارەی "ئەماکین" بانگهیشت کردوە.



### یاسر عەرەفات: "خامنەیی یەکیك لە پشتیوانانی هیرشە خۆکوژییەکانی دژی ئیسرائیل"ە

ڕۆژی ١٤ی پووشپەر "پیرۆناسینر" سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتە چەپەکانی ئیتالیا کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی حیزبی کریکاری ئیسرائیل چوو بووە ئەو وڵاتە، سەردانی یاسر عەرەفاتیشی کرد. لەم سەردانەدا یاسر عەرەفات بەراشکاوی گوتی: "توندڕەوە فەلەستینییەکان دەسکەلای ڕیژیم گەلیکی وەك ئیرانن و بە هیچ جۆریك لە پیناوی بەرژەوەندییەکانی خەلکی فەلەستیندا هەنگاو هەڵنانین. کەسانیکی وەك خامنەیی لە پشت کردەوە تیرۆریستییەکانەوەنو ئەو نە تەنیا ڕاستەوخۆ، بەڵکوو لە ڕیگەی وڵاتیکی وەك ئەفریقای باشوور، . . . یارمەتییە مالییەکانی خۆی بۆ ئەو گرووپە توندڕەوە فەلەستینییانە دەنیرێ.

### ناردنی هیزی کار بۆ دەرەوەی وڵات

بەپیی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی دەوڵەتیی "ایران" کومیتەیەك لە بەرپرسانی هیندێ لە وەزارەتخانەکان پیك هاتوە، تا لە مەڕ چۆنیەتیی ناردنی هیزی کار بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە پیشدا لەگەڵ دەوڵەتەکەیان وتوویژ کراوە، بەرنامەیەك دابریژێ. بۆ ئەو کەسانەش کە وەك هیزی کار دەنیردرینە دەرەوە دوو مەرج دیاری کراوە؛ یەکەم دەبێ لە ڕشتەیەکدا پسپۆڕ بن، دووهەم دەبێ زمانیکی خاریجی بزانن. ڕیژیم کە بەدەست ئابوورییەکی شپرزەو ئالۆزەوە دەناڵینێو حەشیمەتیکی چەند میلیۆنیشی بیکارە، بە قەولی خۆی بەمەبەستی خەبات لەگەڵ بیکاریو ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە، دەیهەوێ ئەم هەنگاوە هەڵگرێ تا لە لایەك بە جۆریك بتوانێ ئەو گیرو گرفتە بۆ دەرەوەی وڵات ڕابگویزێو لە لایەکی دیکەشەوە بتوانێ لەم ڕیگاوە "ئەرز" بەدەست بینێ. چونکە ئیران تا ئیستا نەیتوانیوە لە ڕیگەی هەناردنی کەلوپەل بۆ دەرەوەی وڵات، ئەرزیکی ئەوتۆ بەدەست بینێ. ڕۆژنامەی "همبستگی"یش لە قەولی دوکتور عەلیی ڕەشیدی- مامۆستای زانستگا- بەکورتی چالاکیی ئابووریی ئیران بەم شیوەیەیە: "سێ میلیۆنو پینج سەد هەزار کەس بیکار، یەك میلیۆنو دووسەد هەزار کەس نوقم بوو لە فەحشادا، دوو میلیۆنو چوار سەدو پەنجا هەزار کەس موعتادو هەروەها ئەو سەرمایەو میشکانەی کە لە وڵات هەڵدین!

### تەنیا ٢٠٪ی خەڵکی تاران خوازیاری مانەوەی خاتەمی لە پۆستی سەرکۆماریدان

ڕۆژنامەی "نوروز"، لە ڕۆژی ١٥ی پووشپەردا، ئاکامی ڕاپرسییەکی لەگەڵ ژمارەیەك لە هاووڵاتییانی سەرووی پازدە ساڵی تارانیدا بڵاو کردۆتەوەو دەنووسێ: نزیکەی ٥٥٪ لە هاووڵاتییانی پیتەخت بۆچوونی ئیستای خاتەمی لە بارەی پیکەوە هەڵکردن پەسند ناکەنو نزیکەی ١٨٪یش خوازیاری لە کار کیشانەوەی خاتەمی بوون. لە مانگی ڕابردووشدا لە ئەنجامی لیکۆڵینەوەیەکدا لە ژیر ناوی "بایەخەکانو ڕوانگەکان"دا، دەرکەوت کە تەنیا ٦٪ی هاووڵاتییانی تارانی خوازیاری ڕاگرتنی وەزعییەتی ئیستانو نزیکەی ٩٤٪یش خوازیاری گۆڕینی وەزعی مەوجوودن.

### هاتنە خواری تیراژی ڕۆژنامەکان لە ئیراندا

بە پیی ئەو ڕاپرسییەی کە وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ڕیژیم لەگەڵ ڕۆژنامەفرۆشییەکاندا ئەنجامی داوە، ڕۆژنامەی "همشهری" پڕتیراژترین ڕۆژنامەی وڵاتە کە تیراژەکەی نزیکەی ٢٦٥ هەزار ژمارەیەو ڕۆژنامەی "جام جم" بە تیراژی ٢٥٠ هەزار ژمارە لە ڕۆژدا لە پلەی دووهەم دایە. پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی سەر بە قۆڵی ڕیفورمخوازیش، ڕۆژنامەی "نوروز"ە بە تیراژی ٩٩ هەزار ژمارە، پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی موحافیزەکارانیش، ڕۆژنامەی "کیهان"ە بە ٧٢ هەزار تیراژ لە ڕۆژدا. بە وتەی چاوەدیرانی سیاسی هۆی ئەم دابەزینەی تیراژی ڕۆژنامەکان دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵك لە گیرەو کیشەو بەربەرەکانیی سیاسی نیوان قۆڵەکانی ڕیژیم ماندوو بوونو ڕاگرتنی چاپەمەنیو داخرانی ڕۆژنامەکانیش بە هۆکاریکی دیکەی هاتنەخواری تیراژی ڕۆژنامەکان دەزانن.



### دادگاییکردنی موحسین سازگارا، ئەندامی پیشووی سوپای پاسداران

ڕۆژی ١١ی پووشپەر، محەممەد موحسین سازگارا، ئەندامی پیشووی سوپای پاسداان بەهۆی ئەو قسانەی کە لە زانستگاکاندا کردونیو لەوێدا ڕەخنەی لە حکوومەت گرتوە، بۆ دادگا بانگهیشت کرا. ناوبراو لە بانەمەری ئەمسالیشدا بە تۆمەتی سووکایەتی بە ڕیبەری ڕیژیم لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی قەزوین، دادگایی کرابوو. ناوبراو بۆ تاوانەکەی ئیستای! حوکمی کۆتایی بۆ دەرنەچووە.



### کوژرانی جیگری سەرکۆماری ئەفغانستان

ڕۆژی ١٥ی پووشپەر دوو کەسی چەکدار ماشینی هەڵگری حاج عەبدولقەدیر، جیگری سەرکۆماری ئەفغانستانیان لە نزیك وەزارەتی نیوخۆی ئەو وڵاتە دایە بەر دەستریژو کوشتیان. عەبدولعەزیز، یەکیك لە سێ جیگرەکەی سەرکۆماری ئینتقالیو هەروەها وەزیری خەدەماتی گشتی ئەفغانستان بوو.

### پیکهینانی یەکیەتیی ئەفریقا

ڕۆژی ١٨ی پووشپەر، ڕیبەرانی زیاتر لە ٤٠ وڵاتی ئەفریقایی لە شاری "دوربان"ی ئەفریقای باشوور کۆبوونەوە، تا لەدایکبوونی یەکیەتیی ئەفریقا ڕابگەیەنن. لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی لەو قارەیەدا، ڕیکخراوی یەکیەتیی ئەفریقا (سازمان وحدت آفریقا) پیك هاتو یەکیەتیی ئەفریقا کە وینەی یەکیەتیی ئورووپایە، جیگای ڕیکخراوی ناوبراو دەگریتەوە. هەر ئیستا لە ٥٣ وڵاتی ئەفریقاییدا، ٢٠ وڵات تووشی شەڕی خویناویی نیوخۆیین یا لەگەڵ دراوسێکانیان لە شەڕدان. ویدەچێ بە پیکهینانی ئەم یەکیەتییە، چارەسەریك بۆ ئەو گرفتانە بدۆزریتەوە.

### بوومە لەرزەی سیاسی لە تورکیە

لە ئەنجامی ئەو ئالۆزیو شپریوییە سیاسیو ئابوورییانەی کە تورکیەیان گرتۆتەوە تا ئیستا ٣٤ کەس لە نوینەرانو وەزیرانی سەر بە حیزبی ئاغای ئەجەوید دەستیان لە کار کیشاوەتەوە، کە لە نیویاندا ٦ وەزیریش دەبینرین، ئەگەر ئەم ڕەوتە هەروا دریژەی هەبێ، سەرۆك وەزیر بە ناچاری دەبێ دەست لە کار بکیشیتەوە. تورکیە ٣١ میلیارد دۆلار بە بانکی نیونەتەوەیی قەرزدارە، ئەم نیهادە خوازیاری ئیسلاحاتی ئابووریی



بەرینە لەو وڵاتەدا، کە بە هاتنە پیشی ئەم قەیرانانە، ویناچێ ئەو داخوازییانە جیبەجێ بکرین.

### مەحکووم کرانی دوکتور ناسر زەرئەفشان بە ٥ ساڵ زیندانو ٥٠ زەربە شەلاخ

ڕۆژی ٢٥ی پووشپەر، حوکمی دوکتور ناسری زەرئەفشان پاریزەری بنەماڵەی قوربانییانی قەتلە زنجیرەییەکان، کە ماوەیەك لەمەوبەر لە لایەن سازمانی قەزایی هیزە چەکدارەکان بە ٥ ساڵ زیندانو ٥٠ زەربە شەلاخ مەحکووم کرابوو، لە دادگای پیپداچوونەوەدا، تەئیید کرا. دوکتور زەرئەفشان لەم بارەوە گوتی: ئەو حوکمە هیچ ئیعتیباریکی قانوونی نیەو تاوانی من لە ئەستۆگرتنی پاریزەریی پەروەندەی قەتلە زنجیرییەکانو هەوڵدان بۆ وەدەرخستنی لایەنە تاریكو لیلەکانی ئەم پەروەندەیەیە. لە لایەکی دیکەوە دوکتور گوودەرزییش کە مامۆستای زانستگایە لە ڕۆژی ٢٤ی پووشپەردا لە لایەن دادگای خوڕەمئابادەوە بە تاوانی سووکایەتیی بە ئەنساری حیزبوڵلا، شوورای نیگابانو کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، بە ١٦ مانگ زیندانو بە ٥ ساڵ دوورخستنەوەی ئیجباری بۆ مەراغە مەحکووم کرا.

### تاوانبار کردنی موحافیزەکاران بە دەستتیوەردان لە کاروباری نیوخۆی بەحرەین

شیخ خەلیفە بن ئەحمەد، وەزیری بەرگری بەحرەین قوڵی مەحافیزەکاری بە هەوڵدان بۆ نانەوەی ئالۆزیو نائارامی لە بەحرەین تاوانبار کرد. ناوبراو ڕۆژی ٢٥ی پووشپەر لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئەلحەیات"دا بە ئاماژە کردن بە ئالۆزییەکانی دەیەی ڕابردوو لەو وڵاتەدا گوتی: "موحافیزکارەکان لە ئیراندا بۆ یارمەتی گەیاندن بە شیعەکان لە لوبنانو بەحرەینو وڵاتانی دیکە پیلانیان هەیەو ئەمە وەك ئەرکیکی دینی بۆ خۆیان دەزاننو، ئەگەر ئەم گیرە شیوینییانە بەرەو دۆخیکی مەترسیدار بڕوا، ئیمە ئامادەی پووچەڵکردنەوەی هەر هەنگاویکی لەو جۆرەین."

# ئاوردانەوەیەك لە بزووتنەوەی خویندکاری لە ئیران‌دا

برایم جەهانگیری

میژووی سەرهەلدانی بیرۆکەی بزووتنەوەی خویندکاری لە ئیراندا دەگەریتەوە بۆ سەرەتاکانی سالی ١٣٠٥ ـ ١٣٠٧ ئەو کاتەی رەزا شا بە ناچاری بریاری هیندێ ریفورمی لە بواری پەروەردەو فیرکردنەوە داو ئەو ریفۆرمانەش لە قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان را دەستی پێ‌کردو تا ناردنی خویندکاران بۆ دەرەوەی ولاتی گرتەوە، ئەوەش دەگەریتەوە بۆ ئەو ئالوگۆرە ئابووری‌و سەنعەتی‌یەی کە هەر لەو سالانەداو تا سالی ١٣٠٩ بە تایبەتی لە بواری سەنعەتی کشت‌وکالی‌دا دەستی پێ‌کردبووو تەنانەت یاسایی‌یش کرابوو. ریگەی ئاسن لە جنووبەوە بۆ شیمال کیشرابووو ئەمەش لەباری ئابووری‌و بە تایبەتی لە بواری گواستنەوەدا شوینەواریکی بەرچاوی هەبوو. پێ‌بەپیی ئالوگۆری ئابووری کۆمەلگا ناچارەو دەبێ لە باری فەرهەنگیشەوە ئالوگۆری بەسەردابێ‌و لە راستی‌دا ئەوە پیویستیی هەر کۆمەلیکی لە حالی گۆران‌و روو لە گەشەیە.

رەزاشا تا سالی ١٣٠٥ بواری پەروەردەو فیرکردنی لە ولاتەکەی‌دا پشتگوێ خستبوو. بەلام پاش ئەوەی موستەشارە بیانی‌یەکان روویان لە ئیران کردو مەدرەسەی بیانی دامەزرا خەلکی دەستیان بە خویندن بە زمانی بیانی کرد. ئەوکات مەجلیس دەرسەدیکی کەمی لە داهاتی ماددی‌و مالیاتی بۆ فیرکردن‌و بارهینان تەرخان کرد، و بۆ ئەو مەبەستەش ئەو کەسانەی لە سەربازی "معاف" دەکرد کە خویندنی بەرزیان تەواو دەکردو، دەیان توانی بۆ خویندن بچنە دەرەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە خەلك زیاتر روو لە خویندن بکەن بە تایبەتی خویندنی بالا. بەلام ئەوەش دەبێ بگوترێ کە ئەو کات بۆ هەموو کەس دەستی نەدەدا بچیتە ئەم ناوەندانەو یان روو لە دەرەوە بکا. دیارە هەر ئەم رەوتە بووە هۆی ئەوە کە خویندکارانی ئیرانی چاوگوییان بکریتەوەو لەگەلٚ دنیای پیشکەوتوودا ئاشنا بن‌و گەشە کردن‌و پەرەئەستاندنی سەنعەتی ولاتانی رۆژئاوایی ببینن‌و ئەوانیش بکەونە بیری پیکهینانی ئالوگۆرو پیشخستنی ولاتەکەیان‌و دەکرێ بلیین ئەوە بوو بە بناخەی سەرهەلدانی بزووتنەوەی خویندکاری لەئیرانداو لەراستی‌دا چوونی خویندکاران بۆ دەرەوەو گەرانەوەیان بووە هۆی ئەوە کە لەگەلٚ خۆیاندا بیروباوەری تازە بیننەوەو بەرە بەرە بکەونە دژایەتی کردنی روانگەی کۆن‌و دواکەوتوانەی ریژیمی رەزاشا.

هەر لە سەروبەندی ناردنە دەرەوەی خویندکاراندا بۆ دەرەوەی ولات، زانستگەش لە ئیراندا دامەزرا. " بەردی بناخەی زانستگە لە ئیراندا لە سەردەمی دەسەلاتی رەزاشاو بە گویرەی پیویستیی کۆمەلٚ‌و گەشەکردنی پیوەندی‌یەکانی سەرمایەداری دانرا. ژمارەی خویندکاران لە سەد کەس تێ‌نەدەپەرین‌و تەنیا ئەو بەشە لە خویندکاران کە لە باری مالی‌یەوە وەزعیان باش بوو شانسی گەیشتن بە پلەی بەرزی خویندنیان هەبوو".(١)

لە سالی ١٣١٣ بەردی بناغەی یەکەمین زانستگا لە تاران دامەزراو سالی ١٣٢٥ لە تەوریزیش یەکەم زانستکە دامەزرا. کرانەوەی ئەو زانستگەیانە خۆی لەخۆی‌دا ئالوگۆریکی نوێ بوو، تازەگەری‌یەك بوو لە بواری پەروەردەو فیرکردن‌دا. ئەوانە کێ بوون کە روویان لە زانستگە دەکرد؟ ئەو کەسانە لاوە تازە پیگەیشتوەکان بوون کە خویندنی قوتابخانەیان تەواو کردبووو روویان لە زانستگەکان دەکرد، دیارە لاوان زیاتر لە هەموو چین‌و تویژەکانی کۆمەلٚ پشتیوانی لە تازەگەری‌و نوێ بوونەوە دەکەن‌و بە پیی تیگەیشتنی بەرزو ئاستی رووناکبیرییان زیاتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن‌و هەر بۆیە لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا بە تایبەتی لەو ولاتانەی کەسیستمیکی داخراو بەسەر خەلکەکەی‌دا زالەو ئیستبدادو سەرەرۆیی جلەوی دەسەلاتی لە دەست دایە، خویندکارانی زانستگە بە پیشەنگی خەبات‌و تیکۆشان دژی سەرەرۆیی دەژمیردرین. لیرەدا ئەوەی جیگەی ئاماژە پیکردنە ئەوەیە کە بەداخەوە لە میژووی هاوچەرخی ئیراندا خەلکی ئەم ولاتە هیچ کات خاوەنی سیستمیکی ئازادو دیمۆکرات نەبوون‌و چ لە زەمانی پەهلەوی‌داو چ لە دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامیی ئیران خەلك بە گشتی لە ژیر باری نالەباری دیکتاتۆری‌دا نالاندوویەتی‌و قەت رۆژێ لە رۆژان ژیانیکی ئاسوودەو ئارامی بە خۆیەوە نەدیوە، هەربۆیە حیزب‌و ریکخراوە سیاسی‌یەکانیش نەیانتوانیوە بە ئازادی تیکۆشانیان هەبێ‌و بە ناچاری پەنایان بردۆتە بەر خەباتی نهینی‌و ئەوەندەی بۆیان کرابێ بە نهینی دژایەتیان لەگەلٚ ریژیمە سەرەرۆیەکان کردووە. لەو پیوەندی‌یەدا بەداخەوە خویندکاران یان لە لایەن دەولەتانەوە هاندراون تا ریکخراو پیك بینن یان بە لایەنگری لە یەکیك لە حیزبە سیاسی‌یەکان جوولانەوەو چالاکی سیاسی‌یان نواندوە، هەربۆیە بە شیوەیەکی گشتی هیچ کات یەکیەتی‌یەکی ئەوتۆیان نەبووەو هەر کەسە بۆ لایەکی کیشاوەو لە ئاکام‌دا ریزەکانیان لەبەریەك هەلوەشاوەو حکوومەت توانیویەتی کۆنترۆلیان بکا. دیارە سەرەرای ئەمەش بزووتنەوە خویندکاری‌یەکان هەموو کات لەمپەری سەرەکی بوون لە سەر ریگای حکوومەتە دیکتاتۆرەکان‌و هەمیشە لە سەنگەری پیشەوەی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئیراندا بوون‌و لەو ریگایەش گەلی قوربانییان پیشکەش کردووە.

دوای کۆتایی هاتنی حکوومەتی رەزاخان‌و کەم‌بوونەوەی سەرکوت‌و توندو تیژی بۆ ماوەیەك دووبارە حیزب‌و ریکخراوەکان بووژانەوە. لە سالی ١٣٢٧ تا کودیتای ٢٨ی گەلاویژی ١٣٣٢دا خویندکاران بە تایبەتی بۆ میللی کردنی سەنعەتی نەوت‌و لە دژی ئیستعماری ئینگلیس پیشەنگی جوولانەوەکە بوون‌و لە رۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ خویندکارانی زانستگەی تاران لە بەرامبەر شاو حکوومەتەکەی‌دا راوەستان‌و بۆ دیفاع لە موسەدیق‌و ئازادیی زیندانییانی سیاسی رژانە سەرشەقامەکان.

"خویندکاران بۆ دەربرینی ئیعتراز لە سەفەری ریچارد نیکسون جیگری ئایزنهاویر سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا بۆ ئیران‌و موحاکەمەی غەیرە قانوونیی دوکتور موسەدیق‌و بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی خۆپیشاندانیکیان وەرێ خست. پۆلیس تەقەی لە خۆپیشاندەران کردو لە ئاکام‌دا سێ‌کەس لە خویندکاران بە ناوەکانی " بزرگنیا"، "شریعت رضوی"و "قندچی" شەهید کران‌و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون".(٢)

بەم جۆرە خویندکاران نیشانیان دا کە ئەگەرچی کودیتا سەرکەوتبووو حیزبەکانی ئەوکاتیش پەرش‌و بلاوبیوون، بەلام ئەوان سەنگەری دژی ئیستبدادیان چۆلٚ نەکردبووو بە خوینی خۆیان لاپەرەیەکی زیرینیان خستە سەر میژووی دژی سەرەرۆیی‌و دیکتاتۆری لە ئیراندا.

بە دوای ئەم سەرکوت کردنەداو دوای هیرش کردنە سەر حیزب‌و کەسایەتی‌یەکان، خەلکیکی زۆر رووی لە دەرەوە کردو ئاوارەی هەندەران بوون، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە خویندکاریکی زۆریش لە ترسی گرتن‌و ئەشکەنجە روو لە دەرەوەی ولات بکەن‌و لەویش خەریکی ریکخستن‌و خۆئامادە کردن بوون تا یەکەمین ئەنجومەنی خویندکارانیان لە دەرەوەی ولات دامەزراند.

"یەکەمین ئەنجومەنی خویندکارانی ئیرانی لە سالی ١٩٥٧ لە وییەن دامەزرا". (٣)

ئەمە یەکەمین هەنگاو بوو بۆ دروست کردنی کۆنفدراسیۆن کە وەك "خانبابا تهرانی" دەلێ لە مانگی مارسی ١٩٥٩ یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە یالدلبرگی ئالماندا بەست. لەو کۆنفدراسیۆنەدا لایەنگرانی حیزبی توودەو حیزبی ئیران ( ئیسلام ـ سوسیالیستەکان)و بەشیکیش لە سەر بیری نەتەوایەتی لە دەوری یەك کۆبوونەوە، بەلام هەر ئەو چەند بەرەکی‌یەو بەستراوە بوونە بە حیزب‌و ریکخراوەکان ریزی خویندکارانیان لەق کردبوو، ئەوە بوو کە لە نیو چەپەکاندا بە تایبەتی کیشەو گیروگرفت دروست بووو لە ئاکام‌دا یەکیەتی‌یەکەیان لەبەر یەك هەلٚوەشاو لە سالی ١٩٧٤ بەدواوە بەکردەوە شتیك وەك کۆنفدراسیۆن نەما.

"دەبێ بلیم کە پاراستنی یەکیەتی‌و یەکدەستیی کۆنفدراسیۆن لە کۆنگرەی شازدەو لە سالی ١٩٧٤ بەدواوە زۆر دژوار بوو. دەستەیەك دەیان گوت خەباتی چەکداری‌و پشتیوانی کردن لەو شیوە خەباتە پیوەریکەو هەر لایەنیك ئەوەی قبوولٚ نەبێ جیگەی لە کۆنفدراسیۆن دا نییە. دەستەیەکی دیکە بیرۆکەی سوسیال ئیمپریالیست بوونی شوورەوییان دینایە ئاراوەو قبوولٚ کردنی ئەو بۆچوونەیان بە مەرجیك بۆ هاوکاری کردن دەزانی." (٤)

بەم جۆرەو پیش رووخانی ریژیمی شا بەداخەوە کۆنفدراسیۆن وەك ریکخراویکی خویندکاری ئەرکی سەرەکیی خۆی کە دژایەتی لەگەلٚ دیکتاتۆری‌و دیفاع لە ئازادی بوو لە بیرچووەوەو کەوتە نیو گیژاوی ئیدئۆلۆژیکیی گرووپ‌و لایەنە سیاسی‌یەکان‌و لەبەر یەك هەلوەشا.

لە کاتی شۆرشی گەلانی ئیراندا خویندکارو زانستگە ئەرکیکی گەورەی لە رووخانی ریژیمیاندا لە ئەستۆ بوو، زانستگە باشترین‌و قایم‌ترین سەنگەری دژی دیکتاتۆری‌و خویندکاریش شیلگیرترین خەباتکاری ئەم ریگایە بوو. دوای رووخانی ریژیم‌و پاش ماوەیەکی کەم دووبارە "هەمان ئاش‌و هەمان کاسە" زانستگە بوو بە پیگەی هەموو گرووپەکان،ئەمە خۆی شتیکی باش بوو چونکە زانستگە ببوە جیگەی ئالوگۆری هەموو چەشنە بیروباوەریك، بەلام بەداخەوە لایەنیکی خراپیشی هەبوو، ئەویش ویك هەلٚنەکردنی خویندکارانی سەربە حیزب‌و ریکخراوە سیاسی‌یەکان پیکەوە بوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ریژیم دوای سەرکوت کردنی حیزب‌و ریکخراوە سیاسی‌یەکان خویندکارانیش بخاتە ژیر زەبرو زەنگ‌و تەنانەت لە ٢ی بانەمەری ١٣٥٩دا دەرگای زانستگەی بە تەواوی گالەدا.

ئەم کردەوەیە لە راستی‌دا کودیتایەکی فەرهەنگی‌و زانستی بوو کە ریژیم نیوی لی‌نا شۆرشی فەرهەنگی‌و کاتێ زانستگە کرایەوە کە زۆربەی زۆری خویندکارە جیابیرو مامۆستاکان یان لەکار وەلا نرابوون‌و یان لە ترسی گرتن‌و راوەدوونان توخنی زانستگە نەدەکەوتن.

ئەوە لەحالیك دا بوو کە لە سالی ١٣٥٨دا بۆیەکەم جارو یەکەم ریکخراوی خویندکاری لە ژیر ناوی " دفتر تحکیم وحدت" دامەزرا، دیارە پیش داخرانی زانستگە، تەحکیمی‌یەکان لە دژی هەموو خویندکارە جیابیرەکان دەجوولانەوەو دەکرێ بلیین کە کاری سەرەکیی ئەم ریکخراوە لە مەیدان بەدەرکردنی ئەو خویندکارانە بوو کە وەك ئەوان بیریان نەدەکردەوەو بە کەیفی ئەوان نەدەجوولانەوە، تەنانەت جاسووسییان لە سەر دەکردن، هەر بەم هۆیەوە هەرگیز لە لایەن خویندکارانەوە پیشوازی‌یەکی ئەتۆیان لی نەدەکرا. پشتیوانی سەرکیی ئەم ریکخراوە تازە دامەزراوەیە دەولەت بوو.

دیارە پیش داخرانی دەرگای زانستگەو لە هەلبژاردنی شوورای زانستگەکاندا "دفتر تحکیم" لە زۆر جیگادا لە بەرامبەر خویندکارانی جیابیردا تیك شکابووو هەر ئەوەش بووە یەکیك لە هۆیەکانی داخستنی زانستگەو هەر لەو کاتەدا دەستەیەك لە ریبەرانی "دفتر تحکیم" چوونە لای ئایەتوللا خومەینی‌و داوای رینوینی‌یان لی کرد. ناوبراو لە رستەیەکدا گوتی: برۆن یەکیەتی‌تان بەهیز بکەن. (بروید تحکیم وحدت کنید). ئەوە بوو کە لە سالی ١٣٥٨ یەکەمین ریکخراوی خویندکاری بە ناوی ئەنجومەنی ئیسلامی خویندکاران "دفتر تحکیم وحدت" پیك هات‌و دەولەت بالی بەسەردا کیشاو بوو بە پالپشتی سەرەکیی ئەم ریکخراوەیە. دیارە پیاو حەق بلێ دەفتەری تەحکیمیش بەوپەری توانایەوە ئەوەی لە دەستی هات بۆ پشتیوانی‌و خۆش خزمەتی بە ریژیم، کردی. هەربۆیە تا نارەزایەتیی خەلك بەرامبەر بە حکوومەت زیاتر دەبوو هەر بەو پێ‌یەش لە دەفتەری تەحکیم زیاتر لەبەر چاوی خەلکی دەبیزرا. بەرە بەرە دەفتەری تەحکیم کەوتە سەر دوو ریبیانیك یان دەبوو هەروا روو لە حکوومەت‌و پشت لە خەلك بکا یان بە پیچەوانە. بە تایبەتی لە سالی ٦٢ بەدواوە کە خویندکاران بە شیوەیەکی بەربلاو روویان لە زانستگەکان کردو بیروباوەری جیاوازو ئازادیخوازانەتریان هینایە نیو زانستگەوە دەفتەری تەحکیمی وەحدەت زیاتر کەوتە بەر رەخنەو بیزاریی خویندکاران‌و تا ئەو جێ‌یەی دەفتەری ناوبراویان بە ئاشکرا وەك "تەحکیمی‌یەکان" دەناسی. دەفتەری تەحکیم لە کاتی هاتنە سەرکاری دەولەتی هاشمیی رەفسەنجانی‌و بەتایبەتی لە کاتی شەری ئیران‌و عیراق‌دا هیندێ بیرو بۆچوونی رخنەگرانەی هینا گۆری‌و بەرەبەرە لەبەشی پاوانخوازی ریژیم کشایەوەو لە دووی جۆزەردانی ٧٦دا بە تەواوی کەوتە بەرەیەکی دیکەوەو پشتیوانی لە خاتەمی‌و رەوتی ریفۆرمخوازی کرد. بەلام لە پاش هەلبژاردنی ٧٦و هاتنە سەرکاری دەولەتی خاتەمی دووبارە بوو بە پشتیوانیی بی ئەم لاو ئەولای خاتەمی‌و بەرەی ریفۆرمخوازی دەولەتی. ئالیرەوە هیندیك لە ریبەرانی تەحکیمی وەحدەت بە لە بەرچاو گرتنی ئەزموونی رابردوو وازیان لە پشتیوانی کردنی خاتەمی‌و دەفتەری تەحکیم هیناو روانگەیەکی نوی‌و رخنەگرانەیان بەرامبەر دەولەت رەچاو کرد. بەشەکەی دیکە هەروەك پیشتر ئاماژەی پی‌کرا دووبارە ئەو پەندەی بەسەرهاتەوە کە پیشتر بەسەری هاتبوو، دەولەت درووشمی"آرامش فعال" ی دینایە گۆری‌و لە بەرامبەر گرتن‌و راونانی ریفۆرمخوازان‌دا رای دەگرت‌و دەفتەر تەحکیم بی ئەم‌لاو ئەولا پەیرەوی لی دەکردو تا ئیستاش بەشی ئەسلیی دەفتەری تەحکیم هەروا بیر دەکاتەوەو حازر نییە واز لە لایەنگری لە حکوومەت بینی‌و وەك ریکخراویکی سەربەخۆی خویندکاری بجوولیتەوە، بەلام کەسانی وەك تەبەرزەدی لەو ئەنجومەنە جوی بوونەوە کەچی دروشمی زۆر رادیکالیان هەلٚگرتووەو بە ئاشکرا باس لە ریفراندوم دەکەن تا خەلك بتوانی لەو ریفراندۆمەدا بە ئارەزووی خۆی حکوومەتی خۆی هەل بژیری، کە ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە ریژیمی ئیستا خەلکی نییە! تەبەرزەدی بە ئاشکرا دەسەلاتی رەهای وەلی فەقیهـ دەخاتە ژیر پرسیارەوەو یەکیك لەو کەسانە بووە کە سنووری سوورو قەدەغەی باس کردن لەولایەتی فەقیهی تی پەراندووە.

سەرەرای هەموو ئەوانە لەم چەند سالەی دوایی‌دا خویندکاران بەگورتر هاتوونە مەیدانی خەبات‌و تیکۆشانەوەو بەجاری نەترەی ریژیمیان بردوە. بەتایبەتی دوای داخرانی رۆژنامەی"سلام" بە تاوانی ئاشکراکردنی پیلانی"سەعید ئیمامی" بەناوی گەلالەی یاسای چاپەمەنی لە مەجلیسی پینجەم داو نارەزایەتی خویندکاران لە رۆژی ١٨ پووشپەری ٧٨ دا کە لە زانستگەی تاران کۆبوونەوەو کەوتنە بەر هیرشی بی رەحمانەی هیزە ئینتیزامی‌و لیباس شەخسی یەکان کە لەو هیرشە دا بەداخەوە خویندکاریك بە نیوی" عیزەتی ئیبراهیم نەژاد" کوژراو گەلیکی دیکەش بریندار بوون. ئەو هیرشە بووە هۆی ئەوەی کە خویندنکاران برژینە سەر شەقامەکان‌و خەلکیکی زۆریشیان رەگەلٚ کەوێ‌و خۆپیشاندانیکی بەرینی لی‌بکەویتەوە کە ریژیم‌و بناخەکەی وەلەرزە بخا. دوای شەش رۆژ وەزعەکە لەلایەن دەولەتەوە کۆنترۆلٚ کرا. ئەوەی جیگای سەرنجە لەو خۆپیشاندانەدا بۆیەکەم جارو بە ئاشکرا دروشمی برووخێ ریژیمی ئیسلامیی ئیران‌و بژی ئازادی‌و مەرگ بۆ دیکتاتۆرو دروشمی دژی ریبەری نیزام دراو لەو دروشمەدا داوایان لە خامنەیی دەکرد کە شەرم بکاو تاج‌و تەختەکەی بەجێ بیلێ! هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەدا ریژیم نەترەی چووو ورەی بەردا، تەنانەت خودی خامنەیی داوای لە خویندکارانی "بسیج دانشجویی" (ریکخراویکی دەولەتی‌یە بۆ سەرکوت کردنی خویندکاران) کە زەبرو زەنگ نیشان نەدەن تەنانەت ئەگەر خۆپیشاندەران قسەی سووکیان بەریبەری نیزام گوت! بەلام خامنەیی چەند رۆژ دوای ئەم قسانەی خۆی چەندین جار هەرەشەو گورەشەی لە خویندکاران کرد کە دوژمن لە ریگای زانستگەکانەوە دەی هەوێ یەکیەتی‌و برایەتیی ئوممەت تیك بشکینێ! ئۆممەت دەبێ وشیار بێ‌و لەهەمان کاتدا دەستووری سەرکوتی یەکجارەکی بزووتنەوەکەی داو داوای کرد ئاژاوەگیران موحاکەمە بکرین!

پاش سەرکوتکردنی بزووتنەوەو خۆپیشاندانی خویندکاران‌و خەلك‌و پاش ئەوەی زانستگەی تاران وەك مەیدانی شەری لی‌هات‌و لە لایەن بەسیج‌و لیباس شەخسی‌و هیزە سەرکوت کەرەکانی ئینتیزامی‌و بە فەرمانی فەرماندەی ئەو هیرشە فەرهادی نەزەری بوو بە ویرانەیەك‌و ژووری نوستن‌و شوینی حەسانەوەی خویندکارانیش لەو هیرشە بێ‌بەش نەکرا، بە ناچاری‌و لە ژیر گوشاری هەمەلایەنەی خەلك‌و رای گشتیی نیوخۆو دەرەوەدا دادگایەکیان بۆ خولقینەرانی ئەم کارەساتە پیك هینا، بەلام لە جیاتی دادگایی کردنی تاوانباران بە ئاشکرا شانۆگەری‌یەکیان وەرێ خست کە نە بکوژانی عیززەت ئیبراهیم‌نژادو نە سووتینەرانی مزلٚ‌و جێ حەوانەوەی خویندکاران هیچیان سزا نەدران، بەلکوو فەرماندەی عەمەلیاتەکە فەرهادی نەزەری پاکانەی بۆ کراو تەنانەت سووکە حوکمیکیشیان نەدایە.

دوای سەرکوت کردنی راپەرینی ١٨ی پووشپەری ٧٨ وەك کودیتای ٢٨ی گەلاویژی ٣٢ بۆ ماوەیەك بزووتنەوەی خویندکاری زەبری وێ کەوت، بەلام ئەم رەوتە کەمخایەن بووو هەموومان دیتمان پاش ٣ سالٚ لە ١٨ی پووشپەری ئەمسالٚدا دووبارە خویندکاران وەك پیشەنگی خەباتی دژی دیکتاتۆری، راپەرین‌و سەرەرای دلٚ ساردکردنەوەی خەلك لەلایەن دەفتەری تەحکیمەوە بۆ بەشداری نەکردن لە خۆپیشاندان‌و نارەزایەتی دەربرین، خویندکاران هاتنەوە مەیدان‌و بە پشتیوانیی خەلك حەماسەی ١٨ی پووشپەری ٧٨یان دووبارە کردەوە. دەفتەری تەحکیم لیرەداو بەوکارەی لە پیش‌دا زەبریکی دیکەی لە جەستەی خۆی‌داو دواتریش لە سەر ریگای یەکگرتنی ریزی خویندکاران بوو بە لەمپەر. هەرچەند ئەمجارەیان ئیدی بە تەواوی شکستی خواردو زیانی گەورەی لە دەفتەری تەحکیم دا.

ئیستا دەفتەری تەحکیم لەبەردەم دووریبیانیك دا ماوەتەوە یا ئەوەی کە لە هەلومەرجی ئاستەمی ئیستادا بە دووبارە پشتیوانی کردن لە حکوومەت بەرەو لەبەین چوون‌و بێ ئیعتباریی یەکجارەکی دەروا یان ئەوەی کە دەبێ واز لە دەسەلات‌و حکوومەت بینێ‌و راستەوخۆ لە خزمەتی گەلانی ئیران دابێ‌و لە دژی سەرەرۆیی‌و کۆنەپەرستی خەبات بکا. دیارە تا ئیستاش دەفتەری تەحکیم بۆ چەندمین جار تووشی لەت‌وپەت بوون هاتووەو جارلەگەلٚ جاریش لایەنگرانی روانگە سوننەتی‌یەکە لەتەنکیی داوە.

پیویستە ئاماژەش بەوە بکرێ کە جوولانەوەو خۆپیشاندانی ئەمجارەی خویندکاران‌و خەلك لە ١٨ی پووشپەردا ئەو راستی‌یەی سەلماند کە بزووتنەوەی خویندکاری بزووتنەوەیەکی زیندووو بەگورەو ئەگەر سەرەرۆیی‌و ملهوری بتوانێ بۆ ماوەیەك بێ دەنگی بکا ئەوا بۆ هەمیشە ناتوانێ ئەم بزووتنەوەیە خامۆش بکاو خویندکارانیش سەلماندیان کە هەردەم هیزی کارامەو چالاکی بزووتنەوە شۆرشگیری‌یەکان‌و لە راستی‌دا پیشەنگی خەباتی جەماوەرین بۆ وەدەستهینانی ئازادی‌و دیمۆکراسی.

سەرچاوەکان:

(١) گۆڤاری تیشك ـ ژمارە ٥ ل ٩
(٢) هەمان سەرچاوە ل ١١
(٣) نگاهی از درون به جنبش چپ ایران ـ خانبابا تهرانی ل ٣١٢
(٤) هەمان سەرچاوە ل ٣٥٣

# ململانێی نێوان پرۆتستانتیسمی ئیسلامی‌و مەزهەبی رەسمی

ع. بەهرامی

هەڵوێست‌و دژکردەوەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم لە بەرامبەر ئەو قسانەدا کە هاشمی ئاغاجەری لە ڕێورەسمی یادکردنەوەی عەلیی شەریعەتی لە زانستگەی هەمەداندا کردنی، جارێکی دیکە ئەو ڕاستی‌یەیان بە ڕوونی دەرخست کە ڕێبەرانی ڕێژیم وەك جاران لە ئاست جیابیراندا پەنا دەبەنە بەرتوندوتیژی‌و هەموو تواناو دەسەڵاتی خۆیان بەکار دێنن بۆ ئەوەی جیابیران ـ هەر چەند لە چەشنە کەم مەتری‌یەکەشی بن ـ سەرکوت بکەن. ئەمجارەش وەك جارەکانی پێشوو کۆمەڵێك تۆمەتی پێشتر هەڵبەستراوی وەك: "بێحورمەتی بە بایەخە پیرۆزەکان"، "بێحورمەتی بە ڕووحانی‌یەکان، "دەستدرێژی کردنە سەر بوارە پیرۆزەکان"، درانە پاڵ "تاوانبار"و فتوا درا، تاقمە گۆپاڵ بەدەستەکان نێردرانە مەیدان‌و "دادگا"ش فەرمانی بانگ کردن‌و شوێن کەوتنی "تاوانباری" دەرکرد (دیارە بە پێی ڕێوشوێنە قەزایی‌یەکان، تۆمەتبار بەر لە سەلماندنی ئەو تۆمەت یا تۆمەتانەی دراونە پاڵی، بە تاوانبار ناناسرێ).

هێندێك وردبوونەوە لە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو ڕەوتەی ئاغاجەریش لایەنگری لێدەکا، دەتوانێ یارمەتیدەری ئێمە بێ بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی هەڵچوونی ڕێبەرانی ڕێژیم. ئەو ڕەوتە هەروەك لە هەڵسوکەوتی ڕابردووو ئێستاشی‌را دەردەکەوێ ڕەوتێکی ڕیفۆرمخوازی دینی‌یەوەو خوازیاری جێبەجێ بوونی پرۆژەی پروتستانتیسمی ئیسلامین، کە شەریعەتی دانەریەتی. ئەوان هەوڵ دەدەن دوو شێوە ئیسلام کە خۆیان پێناسەیان کردون لێك جیا بکەنەوە؛ "ئیسلامی مێژوویی" لە "ئیسلامی زاتی" (١). ئەوان هەروەها لەو بڕوایەدان ئەزموونەکانی ڕووحانی‌یەکان‌و زانایان‌و خەڵکی سەردەمە جۆراوجۆرەکان‌و دەورەکانی ڕابردوو لە سەر یەك کۆبوونەتەوەو، ئێستاش [ ئەو ئەزموونانە ] چونکە سەر بەرابردوون بە پیرۆز دادەنرێن(٢) ئەوان بەتایبەت بە هێنانە گۆڕی ئەم بۆچوونە کە مرۆڤ ئازادەو "بۆ گەیشتن بە خولقێنەری پێویستی بە کەسێکی دیکە نیە" (٣)؛ پێگەی ڕووحانییەت دەخەنە مەترسی‌یەوەو دەیانەوێ دەسەڵاتدارەتیی ڕووحانییەت بەسەر کۆمەڵدا نەمێنێ . . . دیارە هەر وەك نیشان دەدەن ئەوان لە بیری دژایەتیی دین‌و ئایین‌دا نین بەڵکوو لە بیری پاراستنی ئیسلام‌و ئەو مەزهەبەدان کە بڕوایان پێی هەیە. بەو پێیە دەتوانین بڵێین ئەوەی دەسەڵاتدارەتیی ئیسلامی تووڕە کردوە، بریتی‌یە لە: کەوتنە ژێر پرسیاری دەسەڵاتی مێژوویی‌و بە تایبەت دەسەڵاتی بیست‌و سێ ساڵەی ئەوان بەسەر ناوەندە سیاسی‌و ئابووری‌یەکانی ئێران لە لایەك‌و لە لایەکی دیکەوە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو شێوە بیرکردنەوە ئایینی‌یەی کە خۆی بە هەڵگری ڕاڤەیەك لە ئایین دەزانێ کە ئەو ڕاڤەیە ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی بەوان سپێردراوە. لەم پێوەندی‌یەدا پێویستە وەبیربێنینەوە کە ڕووحانییەتی سوننەت گەرا بەر لەوەی بگەنە دەسەڵاتیش کەوتبوونە دژایەتیی بیروبۆچوونە نوێیە ئایینی‌یەکان‌و خاوەنەکەشیان (شەریعەتی) تەریك خستبۆوە.

☆☆☆

ئیسلامی حکوومەتی‌و بناخەدانەرانی لە ئێران ( ئەو ڕووحانییانەی لە دەسەڵات دان) وەك نموونە مێژوویی‌یەکەی، حکوومەتی پاپ‌و کلیسا لە ئورووپای سەدەکانی نێوەڕاست، لەسەر تێگەیشتنێکی تایبەتی لە دین کە دەسەڵاتی بێ‌ئەم‌لاو ئەولای بەڕێوەبەرانی دابین‌و مسۆگەر دەکا، دامەزراوە. بە پێی ئەو تێگەیشتنە کە ئێستا لە دەمامکێکی مودێرنانەی وەك یاسایش کەڵکی وەرگرتوە، دەبێ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بە ژمارەیەك موجتەهید کە باوەڕیان بە شێوە لێکدانەوەیەك لە دین‌و بەڕێوەبەریی وڵات هەیە، بسپێردرێ. دیارە زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان حکوومەتی دینیی ئێران‌و نموونە مێژوویی‌یەکەی بەدی دەکرێن کە لە بەراورد کردنی ئەواندا بە ئاسانی دەردەکەون: دوگم بوون، پشکنینی بیروباوەڕ، ڕەتکردنەوەی ئازادی‌یە تاکە کەسی، کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانی، بە پیرۆز دانان‌و خەوش هەڵنەگریی چوارچێوەی دەسەڵاتدارەتیی دەسەڵاتداران، ڕەتکردنەوەو ناشیرین نیشاندانی تازەگەری‌و بیروڕای جیاوازو . . .

لە درێژەی ئەم بەراورد کردنەدا ڕەنگە بتوانرێ خاڵێکی سەرنجڕاکیش بخرێتە ڕوو. ئەگەر نوێخوازە دینی‌یەکانی سەدەکانی ١٥و ١٦ بیریان لە چاکسازی دین‌و دەسەڵات کردەوەو لە ئاکامیشدا توانیان دەستی ڕووحانی‌یەکان لە کاروباری بەڕێوەبەریی وڵات کورت بکەنەوەو نموونەیەکی سەردەمیانە لە دین بخەنە ڕوو بەو شێوەیە کۆتایی بە سەردەمێکی ڕەش‌و درێژی مێژووی ئورووپا بێنن، ئێستاو چەند سەدە دوای ئەو ڕووداوانە، شێوەیەك لە حکوومەتی دینی لە ئێران جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە کە پێویستیی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازی دینی هێناوەتە گۆڕێ، تا بە تەنیا بە ڕەخنەگرتن لە مەزهەبی ڕەسمی، بیریکیان لە دین‌و دنیای ئەم وڵاتە کردبێتەوە!!

☆☆☆

بەڵام سەبارەت بە پێویستیی مێژوویی ڕەوتی ڕیفۆرمی دینی دەبێ بڵێین هەروەك هاتنە ئارای شێوەیەك لە حکوومەتی دینی لە ئێرانی ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بە تەواوی ئاکامی میکانیزمە کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و سیاسی‌یەکانی کۆمەڵگای ئێران نەبووەو نیە، ڕەوتی ڕیفۆرمی دینییش بە تەنیایی ناتوانێ وەڵامدەری پێویستی‌یەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران بێ. هەلومەرجی تایبەتی کات ـ شوێن‌و پێکهاتەی حەشیمەتی ـ فەرهەنگیی ئێران، پێویستیی هاتنە دی‌و پەرەئەستاندنی چەمك گەلێکی دیکەیان هێناوەتە گۆڕێ. سیکولاریزەکردنی کاروباری سیاسی، قەزایی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌و . . . ، ئازادی‌یە تاکە کەسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان، ئازادی بیروڕادەربڕین‌و . . . ئەو پێویستییانەی کە ئەزموونەکانی ڕابردووو ئێستا سەلماندوویانن لە چوارچێوەی گوتارەکانی حکوومەتی دینی یا ڕەوتی ڕیفۆرمی دینی‌دا جێگایەکیان بۆ بەدی ناکرێ.

بە کورتی ئەگەرچی جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازیی دینیی ئێران (پرۆتستانتیسمی ئیسلامی) ناتوانێ نەخشێکی گرنگی لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئێراندا هەبێ، بەڵام لەپەنا بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێستای ئێراندا دەتوانێ لە بەرانبەر حاکمییەتی توتالیتێردا درێژە بە ژیانی خۆی بداو ئەرکی خۆی کە بریتی‌یە لە گونجاندنی دین‌و پێکهێنانی ڕیفۆرم لە دیندا بە گوێرەی سەردەم بەجێ بگەیەنێ.

**(١)، (٢)، (٣) وەرگیراو لە قسەکانی ئەم دواییانەی هاشم ئاغاجەری لە زانستگەی هەمەدان**

# رووتاندنەوەی قوتابیان‌و خوێندکاران لە پێناوی چی‌دا؟

ح.قادرزادە

لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنی ٨١ ـ ١٣٨٠ی هەتاوی ناونووسیی قوتابیان‌و ئەو منداڵانەی دەبێ لە ساڵی داهاتوودا بچنە مەدرەسە، دەستی پێکرد.

بە پێی هەواڵی پێوەندی‌یە گشتی‌یەکانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن، ناونووسیی پایەی یەکەمی سەرەتایی لە نیوەی دووهەمی جۆزەردانی ٨١را دەستی پێکردوەو هەموو ئەو منداڵانەی لەدایکبووی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی‌و پێش لەو تاریخەن بە مەرجێك کە تەمەنیان لە تەمەنی دیاریکراو لە ئایین نامەی ئیجرایی لە قوتابخانەکاندا زیاتر نەبێ وەردەگیرێن.

. . . بە پێی پەسند کراوەکانی شووڕای سیاسەت دانانی گەڵاڵەی هەڵسەنگاندن (طرح سنجش) لە بەرامبەر پێشکیش کردنی خزمەتەکانی گەڵاڵەکەدا، لە هەر قوتابی‌یەکی نوێ (نوآموز) ١٥٠٠ تمەن وەردەگیرێ. شەهریەی قوتابخانە "غیر انتفاعی"یەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٨٢ ـ ٨١ بۆ قوتابخانەکانی هەر ١٩ ناوچەی تاران بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە:

بە پێی ئەو ئایین نامەیە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی خوێندنەوە کە منداڵ هێشتا فێری ئەلف‌و بێ نەبووە ئەو برە پارەیە لە بنەماڵەکەی وەردەگیرێ. دایکان‌و باوکانی دڵ پڕ لە هیواو بە پەرۆش بۆ دوارۆژی منداڵەکانیان وەك ئەرکێکی پێویست دەستی جگەرگۆشەکانیان دەگرن‌و بۆ شوێنەکانی ناونووسین (ثبت نام) وەرێ دەکەون، بەڵام لە یەکەم قۆناغدا بەرەو ڕووی ئەم گەڵاڵەیە دەبنەوەو سەرەڕای ئەوەش لە درێژەی ساڵی خوێندندا لە ژێر ناوی جۆراوجۆر چەند جاری دیکە پوولیان لێ وەردەگیرێ کە وەرگرتنی شەهریە بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی دیکەی قوتابخانەی یەك لەوانە.

کەم نین ئەو بنەماڵە بێبەشانە کە لەبەر نەداری‌و هەژاری‌و دابین نەبوونی بژێوی ژیانیان، منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە نانێرن‌و یا بە هەناسە ساردی‌و نائومێدی دەستی ئازیزەکانیان دەگرن‌و بە خەم‌و نارەحەتیی زۆرەوە لە چوون بۆ قوتابخانە دەیانگێڕنەوەو بەناچاری ڕوو لە کارو ژیانی کولەمەرگی دەکەن.

دیتنی ئەم جۆرە دیمەنانە ویژدانی مرۆڤ دەهەژێنن‌و هەرکەس تۆسقاڵێك هەستی ئینسانیی هەبێ لەم وەزعە بەداخ دەبێ‌و نەفرەت لە پێکهێنەرانی ئەم وەزعە دەکا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، دروشم‌و کردەوەکانی لێك جیا بوون. ئەگەر چاو لە قانوونی بنەڕەتیی ئەو ڕێژیمە بکەین لە ئەسلی سێیهەم لەبارەی خوێندنەوە دەڵی: "ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە پێداویستی‌یەکانی پەروەردەو فێرکردن بۆ هەموو دانیشتووانی وڵات تا کۆتایی دەورەی دواناوەندی بە خۆڕایی دابین بکاو پێداویستی‌یەکانی خوێندنی باڵا تا سنووری خۆبژێوی (خودکفایی) وڵات، بە خۆڕایی پەرە پێبدا."(٢)

ڕێژیمی دژی زانست‌و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، ئەم ئەسڵەی قانوونی بنەڕەتیی خۆی نەك بە تەواوی بەڵکوو بە نیوەچڵیش بەڕێوە نەبردوە. ئەوەتا لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندندا هەر لە سەرەتایی ڕابگرە تا قۆناغی زانستگا، قوتابیان‌و خوێندکاران لەگەڵ ڕووتاندنەوەی خۆیان لەلایەن کاربەدەستانەوەو پووڵ لێ وەرگیران ـ هەر ڕۆژەی بە ناوێك ـ بەرەو ڕوون‌و لە هەموو لایەك وەزاڵە هاتوون.

بە لەبەرچاو گرتنی وەزعی ناڵەبارو داڕووخانی ژێرخانی ئابووریی وڵات‌و پەرەستاندنی بێکاری، فەساد، ئیعتیادو گرانی لە ئێراندا باری قورسی ژیان لەسەر شانی کۆمەڵانی خەڵك، بەتایبەتی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت سەد قات قورستر بووە. بەو حاڵەش بۆ باش کردنی وەزعی خوێندن‌و پەروەردە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵنەگیراوە کە بتوانێ هەزینەی سەرسوور هێنەری خوێندن لەسەر شانی قوتابی‌و بنەماڵەکەی کەم بکاتەوە. هەر بۆیە قوتابیان‌و خوێندکاران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە وەزعی پەروەردەو خوێندن لە ئێراندا نارازی دەبن.

دام‌و دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری لە ئێراندا بۆ گەشە پێدان‌و بردنە سەری ڕادەی زانیاری‌و تێگەیشتوویی قوتابیان‌و خوێندکاران، ئیمکاناتی پێویستیان دابین نەکردوە. لە زۆربەی ناوەندەکانی خوێندندا، قوتابیان‌و خوێندکاران لە زۆر ئیمکاناتی خوێندن بێبەشن. لە وەزعی ناڵەباری کتێبخانە، شوێنی خەوتن، شوێنی حەسانەوەو حەوانەوە، کەمبوونی کەرەسەکانی وەرزشی‌و تەفریحی‌و زۆر شتی دیکە نارازین. تەنانەت ئەو ئامرازانەی کە لەو سەردەمەدا زانیاری‌یەکان بە هۆی ئەوانەوە بڵاو دەبنەوەو سەرچاوەیەکی هەرە گرینگن بۆ خوێندکاران وەك کامپیوتێر، ئینتێرنێت‌و . . . بە تەواوی لە دەسترەسیان دانین. لەو جێگایانەش کە ئینتێرنێت هەیە، دەست ڕاگەیشتن بە زۆر لە سایتە جۆراوجۆرەکان بۆ خوێندکاران کارێکی دژوارە.

دژایەتیی ڕێژیم لەگەڵ ئەو دەسکەوتانەی زانست بە ناوی خەبات دژی هێرشی فەرهەنگی ڕۆژئاوا بۆ سەر فەرهەنگ‌و کلتوری ئیسلامی، دژایەتی کردنە لەگەڵ ڕووناکبیران‌و نەسلی ئاگاو تێگەیشتووی وڵات‌و زانست‌و فەرهەنگی زیندوو و دەسکەوتە بەنرخەکانی تێکنۆلۆژیی سەردەم. کەوابوو هەتا بەرپرسانی ئامووزشیی وڵات‌و لەمەش زیاتر دەسەڵاتدارانی ئێران تاقمێك کۆنەپەرست‌و تاریك بیر بن، چاوەڕوانیی باش بوونی وەزعی پەروەردەو فێرکردن، چ لەباری دابین بوونی ئیمکاناتی پێویست بۆ قوتابیان، خوێندکاران‌و مامۆستایان، چ لەباری نیوەڕۆك‌و سیستمی ئامووزشی‌یەوە، چاوەڕوانی‌یەکی بێجێیە. ئەوەی تا ئێستاش هاتۆتە بەر، بەرهەمی زەحمەت‌و تێکۆشانی مامۆستایان‌و خەمخۆرانی خوێندن‌و ماندوو بوونی خوێندکاران‌و قوتابیان بووە نەك کاربەدەستانی ڕێژیم.

سەرچاوەکان:

١ـ ڕۆژنامە "ایران" ژمارە ٢١٣٨

٢ـ "قانون اساسی ایران"

جەدوەلی لانی کەم‌و لانی زۆری شەهریەی قوتابخانە "غیر انتفاعی"یەکانی شاری تاران بۆ ساڵی ٨٢ ـ ١٣٨١ بە تمەن بەم جۆرەیە:(١)

| ناوچە | ئامادەیی | | سەرەتایی | | ڕاهنمایی | | ناوەندی (متوسطە) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لانی کەم | لانی زۆر | لانی کەم | لانی زۆر | لانی کەم | لانی زۆر | لانی کەم | لانی زۆر |
| ١ هەتا ٨و ١١ هەتا ١٤ | ١٣٢٠٠ | ١٧٨٢٠٠ | ١٩٥٠٠٠ | ٢٦٣٢٥٠ | ٢٤٦٠٠٠ | ٣٣٢١٠٠ | ٣١٧٠٠٠ | ٤٢٧٩٥٠ |
| ٩ هەتا ١٠و ١٥ هەتا ١٨و دەوروبەری ناوچەکانی ٤و٨ | ١٣٢٠٠٠ | ١٥٨٤٠٠ | ١٩٥٠٠٠ | ٢٣٤٠٠٠ | ٢٤٦٠٠٠ | ٢٩٥٢٠٠ | ٣١٧٠٠٠ | ٣٨٠٤٠٠ |

| ناوچە | قۆناغی خوێندن | لانی کەمی شەهریە |
|---|---|---|
| ١ هەتا ٨ | کار دانش‌و فەننی‌و حیرفەیی | ٤٥٠٠٠ |
| ١ هەتا ١٤ | دەورەی پیش زانستگایی هونەر | ٦٠٠٠٠ |
| ٩ هەتا ١٠و ١٥ هەتا | "کار دانش"و فەننی‌و حیرفەیی | ٤٥٠٠٠ |
| ١٨ودەوروبەری ٤و ٨ | دەورەی پیش زانستگایی هونەر | ٦٠٠٠٠ |

# دەست بەکار بوونی دادگای نیونەتەوەیی سزادان

ڕۆژی دووشەممە یەکی ژوئیە [ی ئەمساڵ] دادگای نیونەتەوەیی سزادان لە شاری لاهە لە هولەند دەست بەکار بوو. بنکەی داهاتووی ئەو دادگایە شوینی پیشووی شیرکەتی تەلەفۆنی هولەند K.P.N لە دەروازەی شار دا دەبێ. سەرۆك، ١٨ قازیو دادستانەکانی ئەم ئۆرگانە تازەیەی گەلان، سەرەتای سالی زایینیی داهاتوو هەڵدەبژیردرین.

سالی ١٩٩٨ کۆنفرانسی نوینەرانی سیاسیی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رۆم گەڵاڵەیەکی گشتیی بۆ پیکهینانی دادگایەکی نیونەتەوەیی پەسند کرد. بەڵام بەر لەوەی ئەم ئۆرگانە تازەیە بنیات بنرێ دەبوایە لانی کەم ٦٠ دەولەت پەسندکراوەکە تەئیید بکەن. بەم مەبەستە بەهاری رابردوو هاتە دیو هەتا رۆژی ١١ی ئاوریلی ٢٠٠٢، ٦٦ وڵات بوون بە ئەندامی دادگا. ئەمریکا هەرەشەی کردبوو کە بە هەموو توانایەوە پیشی جیبەجێ بوونی ئەو گەڵاڵەیە دەگرێ. بەڵام ئورووپاییەکان، کانادا، کورەی جنووبی، وڵاتانی ئەمریکای لاتینو وڵاتانی ئەفریقایی لە یەکیەتییەکی بێوینەداو بەخیرایی گەڵاڵەکەیان سەرخست.

لە رۆژی یەکەمی ژوئیەرا، هەموو کەسیك بۆی هەیە زانیارییەکان، سکاڵاو بەلگەنامەکانی خۆی بدا بە تریبونالو رەسید وەربگرێ. دیارە ئەو جۆرە کەسانە دەبێ بزانن دادگا تەنیا ئەو کاتە لەو جۆرە شتانە دەپرسیتەوە کە دادستانی گشتی، قازییەکانو ١٥٠ کارمەندی دادگا، سالی داهاتوو بچنە پشت میزی کارەکانیان. دیارە لەمەودوا سەرۆکی دەسەڵاتە جەنگییەکان، پارتیزانەکان، سیاسەتمەدارانو سەرۆك کۆمارەکان، ئەوانە کە لە دوای یەکی ژوئیەوە جینایەتیك دژی مرۆڤایەتی ئەنجام بدەنو یا دریژە بە کردەوەکانی رابردووی خۆیان لەو بوارە دا بدەنو ببنە هۆی جینایەتی جەنگی، کوشتاری خەلكو دەستدریژی، یا بۆخۆیان ئەم جۆرە کردەوانە ئەنجام بدەن، وەزعەکە لە خۆیان کەمیك خراپتر دەکەن.

دیارە ئەم ئۆرگانە نیونەتەوەیییە نوێیە تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ بریاریك دەربکا کە ئەو وڵاتەی تاوانەکەی لێرووداوە، یا تاوانبار خەلکی ئەوێیە، ئەندامی دادگای نیونەتەوەیی بێ. بەئەندامەتیی ٦٨ وڵات لەو دادگایەدا، دەکرێ بلیین لەسەر یەك هەموو دیموکراسییەکانی دنیا بوون بە ئەندامی دادگا. ئەو وڵاتانەی نەبوون بەئەندام یا نایانهەوێ ببن بە ئەندام، ئەو وڵاتانەن کە بە کەلك وەرگرتن لە مافە سوننەتییە تایبەتییەکانیان یا بە کەلك وەرگرتن لە هیزی نیزامیی خۆیان، قازانجو بەرژەوەندی خۆیان دابین کردوە. ئەمریکا، رووسیە، چین، هیندوستانو ئیسرائیل لەو وڵاتانەن. بەو حالەش وڵاتە بچووكو نیونجییەکان، بێ ئەوان هەنگاویکی گەورەیان لە میژووی قەزایی دا هەڵگرتوە. ئەوان کاریکیان بە ئاکام گەیاندوە کە چەندین ساڵ لەوەپیش ئەمریکاییەك فۆرمۆلەی کردبوو. سالی ١٩٤٥ لە کاتی کردنەوەی دادگای نیونەتەوەیی نۆرنبیرگ دا، دادستانی گشتی رابیرت ئیچ جەکسۆن داوای کردبوو:"عەقلی ئینسانی دەخوازێ کە قانوون تەنانەت لەبارەی ئەو کەسانە بەریوە بچێ کە گەورەترین دەسەڵاتیان لە دەستی خۆیان دا کۆکردۆتەوەو ناویانەتە خزمەت قازانجی خۆیانو لەم ریگایەوە بوون بە هۆی فەلاکەتیك کە هیچ کویی دنیا ناپاریزێ. دوا هەنگاو بە مەبەستی پیشگیری لە هەلگیرسانەوەی پەیتا پەیتای شەرەکان، دەبێ ئەوە بێ کە دەولەتمەردان لە بەرامبەر قانوون دا بەرپرس بن. ئەم قانوونە لیرەو لە سەرەتادا لەبارەی دەستدریژکارانی ئەلمانی بەریوە دەچێ، بەڵام دەبێ هەرکات پیویست بوو لەبارەی دەستدریژکەرانی دیکەش لە هەر نەتەوەیەك بن، بەریوە بچێ".

ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە قانوونە نیونەتەوەیییەکان لە سنوورەکانی خۆی دوور کاتەوە. ئەمریکا پیی وایە کە ئەگەری موحاکەمە کردن لە ئاستی دنیادا، نابێ پیناسەی نەتەوایەتیی وی خەوشدار بکا. دەولەتی بووش رۆژی ٦ی مانگی مای ئیمزای بیل کلینتۆنی لەسەر ریککەوتننامەی رۆم لە شەوی ژانویەی ٢٠٠٠دا، سریەوەو وەری گرتەوە. ئەمە هەنگاویکی کەم وینە لە قۆناغی دوای شەری دووهەمی جیهانی دابوو. رۆژی ٦ی ژوئەن مەجلیسی سەنای ئەمریکا پیشنووسی "قانوون بۆ پاریزگاری لە هیزە چەکدارەکانی ئەمریکا"ی پەسند کرد. کۆنگرە ئەم پیشنووسەی پیشتر لە مانگی مای دا، پەسند کردبوو. ئەگەر کۆمیسیۆنی ئیجرایی، گەڵاڵەی دوو مەجلیسەکە، نەرمتر نەکا، ئەم قانوونە دەسەڵاتیکی لە رادەبەدەر دەدا بە سەرکۆماری ئەمریکا. بەم جۆرە ئەو دەتوانێ بە کەلك وەرگرتن لە هیزی نیزامی، هەر ئەمریکاییەك کە دادگای نیونەتەوەیی سزادان بیهەوێ لیی بپرسیتەوە، رزگار بکا.

"ئیدمۆند ولن ئیشتاین" کە خەلکی هولەندەو لە مانگی فیوریەدا بە سەرۆکی کومیتەی مەئمووری پیکهینانی دادگای نیونەتەوەیی سزادان دیاری کراوە، بە لەسەرەخۆییەوە دەلێ:"ئەوە تەنیا دۆستانی ئیمە لە ئەمریکا نین کە هەر وا دریژە بە فشار هینانی خۆیان دەدەن. هەر کە یەکەم تاوانبار ـ خەلکی هەر کوێیەکە با ببێ ـ لەلایەن دادگاوە کەوتە بەر لیپرسینەوەو سزادان، ئیمە هولەندییەکان دەبێ خۆمان بۆ زەبری چەند لایەنە ئامادە بکەین".

**سەرچاوە: سایتی "ایران امروز" لەسەر ئینتیرنیت**

****

# جیهان لەگەڵ ئالوگۆڕیکی میژوویی بەرەوروویە

**رۆژنامەی:**

Aftenposten

**١١ی ئاوریلی ٢٠٠٢**

**وەرگیران لە نۆرویژییەوە: دیار**

زیاتر لە ٦٠ نەتەوە ئەمرۆ چاوەروانن کە کۆمەلگەی نیونەتەوەیی سزایەکی تایبەتی بۆ ئەوانەی کۆمەڵ کوژی دەکەن ببریتەوە.

ئەمە هەلومەرجیك دینیتە پیش کە کۆمەلگەی نیونەتەوەیی خیرا دژکردەوە بەرامبەر بەم چەشنە جینایەتانە لەخۆ نیشان بدا. ئەمە قسەی یان پیترشین (Jan Petrsen) وەزیری دەرەوەی نۆرویژە.

**"دیکتاتۆرەکان بێ سزا نامیننەوە"**

ئەمرۆ کۆمەلی نیونەتەوەیی هەنگاویکی تازەو جیددی لە نیۆیۆرك هەڵدینیتەوە، زیاتر لە ٦٠ وڵات پشتیوانیی خۆیان لە دامەزراندنی دادگایەکی سزادانی نیونەتەوەیی راگەیاندوە. ئەو دادگایە دەیەوێ کاریك جێبەجێ بکا کە دادگای نەتەوەیی لە هەر وڵاتیکدا نەیەوێ یان توانای جێبەجێ کردنی ئەو کارەی نەبێ. بەهەلگرتنی ئەو هەنگاوە ئەوانەی کە رەشبینن ناچارن مل بۆ راستییەکی حاشا هەلنەگر راکیشن کە بریتییە لە دامەزرانی دادگایەکی نیونەتەوەیی بۆ سزادانی جینایەتکاران، کە بە نۆرەی خۆی ئەویش دەبیتە فاکتۆریکی بەهیز بۆ دامەزرانی نەزمیکی دروستی نیونەتەوەیی. لەو ١٠ سالەداو لە جەریانی ئەو شەرو کیشە جۆراوجۆرانەدا گەلیك دەستدریژی کراوەتە سەر خەلکی بێدیفاع. بۆ پاریزگاری لە مافی مرۆڤو ریزدانان بۆ یاسا نەتەوەییەکان هاودەنگییەکی بەربلاو هەیە کە پیویستە پتەو بکرێ.

داواکە ئەوەیە کە چۆن لە قسەرا بە کردەوەیەکی بەرپرسانە بۆ سزادانی دەستدریژکران لە ریگای دامەزراندنی دادگای نیونەتەوەییەوە دەگەین. بۆ سزادانی ئەوانەی کە لە یوگوسلاویی پیشووو رواندا کوشتاری بەکۆمەلیان کردوە، کۆمەلی نیونەتەوەیی بناغەیەکی بۆ دامەزراندنی ئاشتی لەو وڵاتانەدا لە سەر بناغەی مافە ئینسانییەکانو ئاشتیی گشتی داناوە. پیش ئەوە کە دادگاکان دەست بەکار بن هیندیك هەنگاوی پیویست ماوە هەڵبگیرین بۆ وینە هەلبژاردنی دادستانەکان، تاوانبارە سەرەکییەکانی نیونەتەوەیی، پیرسونیلی تازە بۆ وەگەرخستنی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو دادگایە لە هولەند.

سەرەرای ئەوە ئەمن گومانم نیە کە ئەوە مەسەلەیەکی میژووییە.

پاش ٥٠ ساڵ تیکۆشانو چوونەپیشی کاری سیاسی قەزایی لەو پیوەندییەدا، ئیستا کارگەرانی سازکردنی خانووەکە بە موهەندیسانی ئارشیتیکتو وەختشناسەوەو بە ئیجازەی سازکردنیو سەرمایەگوزارییەوە ئامادەو خەریکن.

دروست ٤ ساڵ لە ئیوارە درەنگانی ١٧ی ژولای ١٩٩٨ تێدەپەرێ کە لەوێ زۆرایەتییەکی بەهیز لە دەولەتەکان دەنگیان بە پەیماننامەیەکی نیونەتەوەیی بۆ دادگای نیونەتەوەیی سزادان دا.

پیش ئەوەی کە بریارەکە بدرێ دەبوو ٦٠ وڵات رابگەیەنن کە پەسندی دەکەنو پشتیوانیی خۆیان لەو مەسەلەیە رادەگەیەنن. ئەو دادگایە بۆ سزادان لە ژوئیەی ئەمساڵدا دادەمەزرێ.

بۆ وڵاتیکی وەك نۆرویژو بۆ کولتووری ئیمە بۆ کارکردن، بۆ نەزمیکی بەهیزی نیونەتەوەیی، ئەوە بەتایبەتی جیگای خۆشحالییە. تیکۆشانی وڵاتانی هاوکارو حکوومەتەکانی پیشووی نۆرویژ لە دامەزراندنی دادگایەکی داییمی، بێلایەنو چالاكو جیگای متمانەدا، ئاکامی هەبووە. هەروەها کەلکیان لە پشتیوانیی بەرفراوانی پیویست وەرگرتوە. بێ ئاکتیڤ بوونی نۆرویژ لە قۆناغەکانی بریارداندا، ئاکامی کۆنفرانسی رۆم لە سالی ١٩٩٨دا بەم شیوەیە نەدەبوو.

لە ١٥٠ وڵاتی بەشدار لە هەولەکانی رۆمدا، ١٣٩ وڵات پەیماننامەکەیان ئیمزا کردوەو ٦٠ وڵات چاوەریی دەستپیشخەرییەکانو هەنگاوەکانی وڵاتان دەمیننەوە. پەیوەست بوونی ئەوان متمانەو بڕواو مەشرووعییەتی زۆر بەو دادگایە دەدا.

دەبێ بگوترێ کە ئەمریکاو هیندیك وڵاتی دیکە لە وتوویژەکاندا چالاك بوون کە ئاکامەکەی بوو بە مۆرکردنی ئەو ریککەوتننامەیە. هەتا ئیستا دوو هەنگاوی گەورە تەئسیریان بووە بۆ پیکهینانی دادگایەکی نیونەتەوەیی. یەکەم: دادگای نۆرینبیرگ پاش شەری دووهەمی جیهانی، دووهەم: دادگای سزادانی سەربە UN بۆ یوگوسلاویی پیشووو رواندا کە ئەو دووانە حەرەکەتیکی میژوویی پیك دینن کە ریبەرانی پیشووی یوگوسلاوی (میلۆسوویچ)و رواندا لەوێدا موحاکەمە دەکرین.

ئوودلای رۆبیرت جەکسۆن دادستانی دادگای ئەمریکا لە پیشەکیی وتارەکەی لە دادگای نۆرینبیرگدا، لە شیکردنەوەی خالی بنەرەتی لە پیوەندی لەگەڵ دەولەتانی سەرکەوتووی پاش شەری دووهەمی جیهانیدا دەلێ: چوار نەتەوەی گەورە کە لە شەری دووهەمی جیهانیدا سەرکەوتوون، سەرەرای چیشتنی زیانو زەرەری زۆری شەر بەڵام لە ددان بە جەرگی خۆداگرتنو هەبوونی دلی گەورە بۆ پیشگیری لە هەستی تۆلە ئەستاندنەوەو سپاردنی دیلەکان بە دادگاشدا سەرکەوتوو بوون، ئەوە شتیك بوو کە لە پیشوودا نەبینراون.

جەکسۆن ئەوە بە سەرکەوتنی شوعوور دادەنێ کە دادگای نیونەتەوەیی بۆ سزادانی تاوانبارە نازیستەکان کە کوشتاری بە کۆمەلیان کردوە، پیشنیاری بەریوەچوونی دادپەروەری دەکا.

ئەوە ریز دانانە بۆ بایەخە راستو دروستەکان. بەڵام لەوەش زیاتر هەنگاونانە بۆ دابینکردنی ئاشتییەکی دریژخایەن.

تاقیکردنەوە تازەکانو شیکردنەوەی پرۆسەکانی ئاشتیو ئاکامەکانی کۆمیسیۆنەکانی حەقیقەت دۆزینەوە لە ئیلسالوادۆرو جنووبی ئەفریقا ئەوە دەردەخەن کە پیوەندییەکی زیندوو لە نیوان دادپەروەریو دامەزرانی ئاشتیدا هەیە.

بێ بوونی میکانیزمەکانی سزادان کە بتوانن پیشی خۆدەرباز کردنی تاوانباران لە سزا بگرن، ئیمە ناتوانین بە شیوەیەکی کاریگەر قوربانیو تاوانبار بۆ ئەوە هان بدەین کە لە گەڵ کۆمیسیۆنەکانی حەقیقەت دۆزینەوە هاوکاری بکەن.

هەروەها کۆمیسیۆنەکانی راستی دۆزینەوە رایەلکەی دەست دریژکەرەکان دەدۆزنەوە ئەگەر شتەکانی بینراو بۆ بەری بوون لە سزادان، پەرەی پێبدرێ. لە دریژخایەندا یوگوسلاویو رواندا یارمەتی دەکەن بە دادپەروەریو ئاشتیو سەقامگیر بوونو هەروەها لەو بارەوەش هاوکاری دەکەن کە خودی بەرپرسانی سەرەوەی حکوومەتەکانیش لە کاتی پیویستدا بدرین بە دادگا. ئەوە هەروەها لەگەڵ دادپەروەریو ئاشتیو لەگەڵ ئاشتیو دابین کردنی مافدا ناتەبایی نیە. لە دریژخایەندا ئەوان دەست لە نیو دەستی یك دەنین. بەهەرحاڵ کۆمەلیك هۆ هەن کە وا دەکەن پیشنووسی دادگای نیونەتەوەیی لەو پیوەندییەدا ئاوا پشتیوانی لی بکرێ.

ئەوە کە تەنیا لە گیرەوکیشە دیاریکراوەکاندا شوورای ئەمنییەتی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێدادەگرێ کە ئاشتیی نیونەتەوەیی لە مەترسی دایە بەس نیە. بەلکوو زۆر باشتر دەبێ کە UN لەسەر ئەوە پێدابگرێ کە ئەو رووداوانە نەیەنە پیش. بۆ نموونە کیشەی دادگای یوگوسلاویو رواندا، ئەگەر دادگایەکی نیونەتەوەیی هەبێ دەکرێ چالاك بکرێو تەئسیر لە سەر شوورای ئەمنییەت دابنێ.

ئەگەر ماوەی پیراگەیشتن بە گیروگرفتیکی نیونەتەوەیی کەم بکریتەوە، [ئەگەر] دادگای نیونەتەوەیی سزادان مەشرووعییەتی هەبێ، تەئسیری لەسەر دادگای نیونەتەوەییش لە هەر وڵاتیکدا دەبێ.

لە لایەکی دیکەوە پیویستە پیشنووسی دادگایەکی ئەوتۆ بە هاوکاریی دەولەتەکان ئامادە بکرێ. لە نۆرویژ لە سەر ئەو مەسەلەیە کە دەبێ دامەزرانی دادگای نیونەتەوەیی بۆ سزادانی تاوانبارەکان جیگای دادگای نەتەوەیی بگریتەوە، بە شیوەیەکی خراپ وەردەگیرێ. یاسایەکە ئەوەیە کە ئیستاش هەر دەبێ دەولەتەکان بەرپرسایەتیی سزادانی تاوانباران بە شیوەیەکی سەرەکی وەئەستۆ بگرن. تەنیا لە حالەتیکی ئاوا دایە کە دادگای نیونەتەوەیی دەتوانێ چالاكو ئاکتیڤ بکرێ. ئەو پرەنسیبو ریوشوینانەی کە دادگای نیونەتەوەییان لەسەر دامەزراوە بیگومان شوینەواری موسبەت لە سەر میکانیزمی دادگا نیونەتەوەییەکانیش دادەنین .

دامەزرانی دادگای نیونەتەوەیی دەبێ رۆنیسانسیك بۆ دادگای نەتەوەکانیش لەهەر وڵاتیکدا بێ.

پیویستە بگوترێ لەمەودوا سیاسەتی نیونەتەوەیی لەسەر ئەو بناغەیە هەڵدەسەنگیندرێ کە چۆن یاسا نیونەتەوەییەکان بەریوە دەبردرین. لە ژیر فشاری بیروڕای گشتیی نیونەتەوەییدا ژمارەیەك لە دەولەتەکان توانیویانە پرینسیبەکانی ئەو شتە دابنین کە پیی دەگوترێ یاساکانی قەزاوەتی نیونەتەوەیی. ئەوە شتیکی دیاریکراو هەڵدەگرێ کە خاریجییەکان بە ئیقامە لە وڵاتی خۆیان دەکرێ بدرین بە دادگا لەمەر ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی وڵات کردوویانە.

دامەزرانی دادگای نیونەتەوەیی بە شیوەیەکی روون دەولەتەکان ناچار دەکا کە خۆیان بە پیی ریوشوینەکانی ئەو دادگایە تەتبیق بدەن.

دەولەتی ئیمە لە نۆرویژ بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشێ کە ئەو دادگا نیونەتەوەیی دابمەزرێ. هەروەك چۆن پشتیوانیمان کرد لە دادگاکان لە یوگوسلاویو رواندا بۆ ئەوەی کە بتوانن ئەرکەکانیان بەریوەبەرن.

لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکییە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تێبکۆشین**

